کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم– ژمارە ۴۴۱–نیوەی دووەهەم بەفرانبار ۱۴۰۲–ژانویە ۲۰۲۴

## درێژەی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا

ل ٧




### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە ئیدانەکردنی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شاری هەولێر ناوەندی هەرێمی کوردستان

ل ٥

### ڕق و تورەییەکی کە سەرەنجام وەک گڕکانێک دەتەقێتەوە

ل ٣

### دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دەیەوێت خەڵکی فەلەستین بە تەواوەتی لە کەرتی غەززە دەر بکات

ل٤

### منداڵان قوربانیانی نادیاری بەرژەوەندییەکانی ڕژیمی ئیسلامی

ل ٩

### گەندەڵی ڕیشەیی، لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا

### خەباتی کەمئەندامان لەپێناو دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییە مرۆڤییەکاندا

ل ٦






## سەروتار

### بێتوانایی لە ئاست دیفاع لە خەڵکی غەززە، بە کردەوەی نمایشی ناشاردرێتەوە

هێرشی مووشەکیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر چەند ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی شاری هەولێری پایتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک هەنگاوێکی پاساوهەڵنەگر و چاوەڕواننەکراو، کاریگەرییەکی بەرینی لەسەر بیروڕای گشتی داناوە. سەیرتر ئەوە بوو کە وتیان ئەو کردەوەیە لە تۆڵەی ڕووداوی تەقینەوەکە لە مەراسیمیساڵیادی کوژرانی قاسم سولەیمانی ئەنجامدراوە. هەر خێرا دوای هێرشە مووشەکییەکە، سپای پاسداران" دۆن کیشۆت ئاسا" وەک ئەوەی لە مەیدانی نەبەرد دا "سەرکەوتنێکی گەورە"ی بەدەستهێنابێت، لە ٣ ڕاگەیاندنی یەک لە دوای یەکدا بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ گرت. پەیوەندی نێوان تەقینەوەی کرمان و هەرێمی کوردستان، ئەوەیش تەنانەت بەبێ خستنەڕووی بچوکترین بەڵگە، ڕێک وەک ئەو پەندە فارسییەیە وایە کە دەڵێت: " ئاسنگەرێک لە بەلخ تاوانێکی کرد، سەری مسگەریان لە شووشتەر پەڕاند"!. هەروەها سەبارەت بە ئیدیعای کۆماری ئیسلامی کە دەڵێت ناوەندی چالاکییەکانی مووساد، ڕێکخراوی سیخوڕی ئیسرائیلی کردۆتە ئامانج، قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی حکوومەتی عێراقکە خۆی ئەندامی هاوپەیمانی حکوومەتێکی لایەنگری کۆماری ئیسلامییە لە عێراق، دوێنێ لەگەڵ شاندێکی حکوومەتی عێراق لە کاتی سەردانیکردنی شوێنی ڕووداوەکە، بە ڕۆژنامەنووسانی وت: «ئێمە لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە سەردانێکی مەیدانیمان کرد بۆ ماڵی ئەو بازرگانەی کە شەوی ڕابردوو لە هەولێر کرایە ئامانج، دەرکەوت ئەو ئیدیعایانەی کە باس لەوە دەکەن بارەگای مووساد کراوەتە ئامانج، بێ بنەمان و دوورن لە ڕاستی». بێگومان بەر لە هەر کەس و لایەنێک، ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە دەزانێت ئیدیعاکەی چەندە بێ بنەمایە. شتێکی وا لە مێژووی

کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە نییە. بەرلەوەش زۆر جار دوابەدوای هەر ڕووداوێکی کە تیایدا بێتوانایی ڕژیم لە بواری ئەمنیەتیدا دەردەکەوێت، گرتن و زیندانیکردن لە ناوخۆی وڵاتدا پەرەپێدەدات و گوشارەکان لە ناو زیندانددا زیاتر دەکات و هەندێک کەسیش بەبێ بچووکترین پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکە، لە سێدارە دەدات

درێژە لە لاپەڕەی ٢

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤١-نیوەی دووەهەم بەفرانبار١٤٠٢- ژانویە ٢٠٢٤

# درێژە ی سەروتار

بێگومان بەر لە هەر کەس و لایەنێک، ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە دەزانێت ئیدیعاکەی چەندە بێ بنەمایە.
شتێکی وا لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بێوێنە نییە. بەرلەوەش زۆر جار دوابەدوای هەر ڕووداوێکی کە تیایدا بێتوانایی ڕژیم لە بواری ئەمنیەتیدا دەردەکەوێت، گرتن و زیندانیکردن لە ناوخۆی وڵاتدا پەرەپێدەدات و گوشارەکان لە ناو زینداندا زیاتر دەکات و هەندێک کەسیش بەبێ بچووکترین پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکە، لە سێدارە دەدات. هەڵوێست و هەڵسوکەوتی لاواز و داماوانەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەند لەگەڵ جینایەتە دژە ئینسانیەکانی ڕژیمی فاشیست و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە غەززە، لە هیچ کەس شاراوە نییە.
بەڵام کوشتنی ئەندامانی بنەماڵەکەیەک لە هەرێمی کوردستان بە مووشەکی بالیستیک، جگە لە تاوانێکی پاساوهەڵنەگر، ناتوانرێت هیچ ناوێکی تری لەسەر دابنرێت و لە ئاستێکی دیکە دا هاوشێوەی هەمان تاوانە.
لاوازیی هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە دیفاع لە خەڵکی ئازارچێشتووی غەززە، بەم ڕێوشوێن و کردارە دراماتیکیانە، لە چاوی کۆمەڵانی خەڵکی وشیار ناشاردرێتەوە.
بەڵام هەڵوێستی دەوڵەتی ئەمریکاش لەم بارەیەوە نیشانەی سات و سەودای شاراوەی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکای پێوە دیارە. ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێتە هەڵبژاردنی ئەو وشە و ڕستانەی کە ئادرین واتسۆن، وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەکاریان دەهێنێت، بە ڕوونی ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت. ناوبراو دەڵێت: ئێمە شوێنپێی ئەو مووشەکانەمان گرتووە کە لە باکوری عێراقیان داوە، هیچ کارمەند و دامەزراوەیەکی ئەمریک نەکراوەتە ئامانج، «ئاماژە سەرەتاییەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەمە زنجیرەیەک هێرشی نابەرپرسیارانە و نادەقیق بووە». ئەم هەڵوێستە ڕیاکارانەیە هاوکات لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە سیستەمی بەرگرییە دژە مووشەکییەکانی ئەمریکا کە لە ناوچەکەدا جێگیر کراون، دەتوانێت بە ئاسانی مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان بکات و پووچەڵیان بکاتەوە، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی لەم پێوەندییەدا لەخۆی نیشان نەدا. هەروەک چۆن بینیمان بێ هەڵوێست بوو لە ئاست ئەو هێرشە مووشەکیانەی کە کرایە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب و ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە ئەمریکا کارامەترین هێز و پێشکەوتووترین سیستەمی تەکنۆلۆژیای نیزامی لەم ناوچەیەدا جێگیر کردووە.
سەبارەت بە ڕووداوەکەی دوێنێی هەولێر، کۆمیتەی ناوەندی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنێکەوە، هەڵوێستی کۆمەڵەی ڕاگەیاند.
لەم ڕاگەیاندنەدا هاتووە:
سپای پاسداران بە فەرمی بەرپرسیارێتی هێرشە مووشەکییەکەی بۆ سەر شاری هەولێر لە ئەستۆ گرت و ئیدیعای ئەوەی کرد کە شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە کردۆتە ئامانج.
پاساوەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هێرشی مووشەکی شەوی ڕابردوو، دووبارە و بێ بنەما و بۆ هەموو لایەک ئاشنان. ئەمە یەکەمجار نییە کە کۆماری ئیسلامی کاتێک لە لایەن ئیسرائیل، داعش، یان ئەمریکاوە زەبرێکی بەردەکەوێت، هێزی مووشەکی خۆی دەنوێنێ و بە هەڵبژاردنی ئامانجگەلێکی ئاسان و بەردەست، هەوڵ دەدات لاوازییەکانی خۆی بشارێتەوە. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هێرشی جینایەتکارانەی شەوی ڕابردوو بۆ سەر شاری هەولێر، بە توندی ئیدانە دەکات و داوا دەکات کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە وڵامی ڕاشکاو و لێبڕاوانەی خۆی، ڕێگە بە ڕژیمی ئێران نەدات کە هەموو جارێک بێباکانە گیان و ژیانی مرۆڤەکان وەک ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ پەردەپۆشکردنی لاوازیی و بێ توانابییەکانی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوی وڵات.

****

# پەرەسەندنی هێرشی ئەرتەشی تورکیە؛ بەردەوامی کوشتار و کاولکاریی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان

هێرشەکانی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دێموکرات لە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕادەیەکی کەموێنە پەرەی سەندووە. لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا دەیان جار ناوچە جۆراوجۆری ڕۆژئاوا کراونەتە ئامانجی ئەرتەشی تورکیە. لەم هێرشانەدا دەیان کەسی مەدەنی و هێزی بەرگریی ناوچەکە گیانیان لەدەست داوە و جگە لە خەڵکی بێ دیفاع، ژێرخانە گرینگەکان کراونەتە ئامانج. ڕۆژی ڕابردوو هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ناوەندی بەرهەمهێنانی کارەبای کۆبانی، تاریکی بەسەر ئەو شارە و زۆربەی گوندەکانی دەوروبەردا زاڵ کرد. چەند هێرشێکی هاوشێوە بۆ سەر دامەزراوە کارەباییەکان لە شار و شارۆچکەکانی دیکەش ئەنجام دراوە. هاوکات ئەرتەشی تورکیە هێرشەکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش چڕتر کردووەتەوە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەیان جار ئەم ناوچەیەی کردووەتە ئامانجی هێرشی ئاسمانی و زەمینی. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەشێکی زۆری باکووری هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتی تورکیەوە داگیرکراوە و دەیان بنکە و چەندین سەربازگەی گەورەی تێدا جێگیر کردووە. ئەم هێرشانە کە بە بیانووی بوونی هێزەکانی پەکەکە لەم ناوچەیە ئەنجام دەدرێن، دەبنە هۆی گیانلەدەستدان و بریندداربوونی ژمارەیە لە خەڵکی ناوچەکە، لەناوبردنی ژینگە و گیانلەبەرە کێوییەکان و کوژرانی مەڕ و ماڵاتی خەڵک. هێرشەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو لەگەڵ خۆڕاگریی توندی هێزەکانی پەکەکە بەرەوڕوو بوونەتەوە. وەزارەتی بەرگریی تورکیە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە لەو تێکهەڵچوونانەدا ٩ سەربازی ئەو وڵاتە کوژراون و ٤ سەربازی دیکەش بریندار بوون.
بزووتنەوەی ڕۆژئاوا کە بەم شێوەیە دەکەوێتە بەر هێرش و پەلاماری نامرۆڤانەی ئەرتەشی تورکیە، پێویستە نەک تەنیا بە سەرکەوتنە شکۆدارەکانی لە دژی داعش و بەرخۆدانی بوێرانەی لە دژی فاشیزمی ئەردۆغانی، بەڵکوو بەو بەها مرۆییانەشەوە کە لە پێناویدا گیانبازیی دەکات، بناسرێتەوە. لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرێتی کوردستانی سوریەدا، بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، کۆمەڵێک یاسا لە بواری یەکسانی نێوان ژن و پیاو و بەشداریی ڕاستەوخۆی جەماوەر لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، مافی یەکسان بۆ کەسانی سەربە ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان، جێگیرکراوە و لەم دواییانەشدا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخوازانە پەسەند کراوە کە دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ بزووتنەوە نارەزایەتی و مافخوازەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئامانجی دەوڵەتی تورکیە لە سوریە، بریتییە لە ئاوارەکردنی خەڵک و شکستپێهێنانی بزووتنەوەی ڕۆژئاوا. حکوومەتی تورکیە دەیەوێت بە ناچارکردنی خەڵک بە کۆچکردن و نیشتەجێکردنی خەڵکی تورکمان و عەرەب لەو ناوچانە، دیمۆگرافیای ناوچەکە بەتەواوی بگۆڕێت. سەبارەت بە کوردستانی تورکیە، لە کەس شاراوە نییە کە دەستدرێژیی دەوڵەتی تورکیە بۆسەر ئەو ناوچەیە، ئامانجگەلێکی سیاسی ئەولاتر لە بوونی هێزەکانی «پەکەکە»ی لەپشتە. بە هەر ڕادەیەک بارودۆخی عێراق ناسەقامگیرتر بێت و حکوومەتی ناوەندی عێراق لاوازتر بێت، دەوڵەتی ئەردۆغان زیاتر وەسوەسەی ئەوەی لا دروست دەبێت کە پێگەی خۆی لە ناوچەکانی باکوری عێراق، دەسەڵاتی بەسەر بیرە نەوتییەکانی ئەم هەرێمەدا، دەستوەردان لە چارەنووسی سیاسی هەرێمی کوردستان و گەرەنتی هەناردەکردنی نەوت و گاز لە ڕێگەی تورکیەوە، پتەوتر بکات.
لە هەلومەرجی ئێستادا کە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرێتی کوردستانی سوریە، بە چرای سەوزی زلهێزە ئەمپریالیستییەکان و حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، کەوتۆتە بەر دەستدرێژیی و هەڕەشەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە و هەروەها لە بارودۆخێکدا کە هەرێمی کوردستان بووەتە مەیدانی ڕمبازێنی ئەرتەشی تورکیە، پەرەپێدان بە بزووتنەوەی هاوپشتی لەگەڵ ئەو دەستکەوتانە، دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە پاراستن و مانەوەی ئەو دەستکەوتانەدا بگێڕێت. دیفاع لە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر دەستدرێژییە سەربازییەکانی تورکیە، دژایەتی لەگەڵ داگیرکاری نیزامیی ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان، نائەمنکردنی شوێنی کار و ژیانی خەڵک و ئاگر تێبەردانی ژینگە، ئەرکێکی ئینسانییە. دیفاع لە خەباتی خەڵکی کوردستان، داکۆکیکردنە لە ئازادی و کەرامەتی ئینسانی و دژایەتیکردنە لەگەڵ سەرکوت و دەستدرێژی و داگیرکاری نیزامیی. لە کاتێکدا کە حکومەتی تورکیە هاوکاری یان بێدەنگی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپای مسۆگەر کردووە، خەڵکی کوردستان و هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە و جیهان، تاکە هێزێکن کە دتوانن دەستدرێژییە سەربازییەکانی ئەرتەشی داگیرکەری تورکیە، لەگەڵ شکست و ناکامی بەرەوڕوو بکەنەوە.

****

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤١-نیوەی دووەهەم بەفرانبار١٤٠٢- ژانویە ٢٠٢٤

# ڕق و تورەییەکی کە سەرەنجام وەک گڕکانێک دەتەقێتەوە

ڕۆژنامەی «مەردوم سالار» چاپی تاران، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە ئاستی پەرەسەندنی هەژاری و نەهامەتییە ئابوورییەکان لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران بڵاوکردەوە. ئەم ڕاپۆرتە دەریدەخات کە لە کۆتایی پاییزی ساڵی ١٤٠٢دا پێوەرەکانی هەژاری و نەهامەتی ئابووریی لە هەموو ئێراندا زیادی کردووە و لەم نێوەندەدا تاران لە نزمترین و پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری لە بەرزترین ئاستدا بووە. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ئاستی ژیانی خەڵک لانیکەم لە ١٤ پارێزگای وڵات بە ڕێژەی ٥٠٪ بە بەراورد لەگەڵ ساڵ ١٤٠١ لەم وەرزەدا، دابەزیوە. بەڵام پێوەرەکانی هەژاری لە ئێران چۆن دیاریدەکرێت؟ بە گوێرەی ڕاپۆرتی «ئیکۆ ئێران»، پێوەرەکانی هەژاری وەک یەکێک لە گرنگترین پێوەرە ئابوورییەکانی خۆشگوزەرانی لە کۆی دوو ڕێژەی بێکاریی و هەڵاوسانی ساڵانە، بەدەست دێت. بێکاریی و هەڵاوسان، دوو بابەتن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بارودۆخی ژیانی خەڵک هەیە. بێکاریی سەرچاوەی داهاتی خەڵک دەبڕێت و هەڵاوسان بە واتای بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە. بەگوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، جگە لە پارێزگای چوار مەحاڵ و بەختیاری، پارێزگاکانی کوردستان و بەلوچستان و یەزدیش، خاوەنی بەرزترین ڕێژەی هەژارین. ئەم ڕاپۆرت و زانیاریانە، کە بێ گومان تەنیا گۆشەیەک لە واقیعییەتەکان دەخەنەڕوو، لە حاڵێکدا لە چاپەمەنییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا بڵاودەکرێنەوە کە ڕۆژ نییە هەر لەم ڕۆژنامانەدا زۆر بێشەرمانە لە زمان «ڕەئیسی»یەوە، باس لە گەشەی ئابووری و دابەزینی ئاستی هەڵاوسان نەکرێت.

دەرئەنجامی سەپاندنی ئەم ئاستە لە هەژاری و نەهامەتی، بە واتای کەڵەکەبوونی پۆتانسێلی تەقینەوەیەکی قووڵە لەناخی کۆمەڵگادا. ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا بەرچاودەکەوێت، بەشێکی بچووکە لەو گڕکانی تورەییەیە کە سەری هەڵداوە. بەرپرسانی ڕژێم پۆتانسێلی تەقینەوە و نەفرەت و بێزاری ملیۆنان خەڵکی بێبەش و ستەمدیتوو دەناسن و لەبەرامبەریدا هیچ ڕێگایەکیان جگە لە پەرەپێدانی سەرکوت و خەفەقان نەگرتۆتە بەر. بەڵام کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی ئەو یەکساڵ و نێوەی کە بەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا تێپەڕدەبێت، نیشانی داوە کە ئامرازی سەرکوت ئەو کاریگەرییەی جارانی نەماوە و ڕژێم نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات و پێش بە خەبات و نارەزایەتی مافخوازانەیان بگرێت.

گومان لەوەدا نییە کە گرانی و پەرەسەندنی هەژاری و بێکاریی، کاریگەری زۆر خراپ لەسەر دۆخی کار و ژیانی کرێکاران و زۆربەی هەرەزۆری بێبەشانی کۆمەڵگا دادەنێت. ئەم ڕاستییە بە خستنەڕووی پێوانەی تەکنیکی ناتوانرێت لە چاوی ئەو خەڵکە بشاردرێتەوە کە قوربانی ڕاستەوخۆی ئەم نەهامەتییەن. کۆمەڵانی چینی کرێکار و زەحمەتکێش زۆر باشتر لە بەرپرسانی ڕژیم و ڕۆژنامە فەرمییەکان، ئەم ڕاستییەیە دەناسن. جگە لەوە، هەڵسووڕاوانی کرێکاریی لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی هەژاری لەسەر ئاستی خەبات و هێزی ڕێکخراوبوونی کرێکارانیش بە باشی ئاگادارن. هەژاری و بێکاریی، نایەکگرتووبوون و پرش و بڵاویی لە نێوان کرێکاراندا پەرەپێداوە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و خاوەنکارەکان بە پشتبەستن بە ئەرتەشی ملیۆنی بێکاران، توانیویانە هەژاریی و پرش و بڵاویی و سەختترین بارودۆخی کار و حەقدەستی کەم بەسەر کرێکاراندا بسەپێنن. ئەوان بە دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی سەروەت و سامانی ئەم کۆمەڵگایە و سەرمایە زەبەلاحەکان و هەروەها چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری کرێکاران، بەردەوام خەریکی کەڵەکەکردنی قازانجی زیاترن و کەلێنی چینایەتییان قووڵتر کردووەتەوە.

لەم بارودۆخەی ئێستادا کە هەژاری و نەهامەتی سەرانسەری ئێرانی داگرتووە، تەنیا ڕێگای بەگژداچوونەوەی، بریتییە لە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی داخوازی تەوەر. بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی داوخوازی تەوەر، پێویستە ئەو خەبات و نارەزایەتییانەی ئێستا، لەم پرش و بڵاوییە ڕزگاریان بێت. پێویستە ویست و داواکارییە بەپەلە و هەنووکەییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ببێت بە پرسی سەرجەم کرێکارانی لەسەرکار و بێکار، ژن و پیاو و لێهاتوو و ناشارەزا، لە ئاستێکی سەرتاسەریدا. بەدیهاتنی ئەمەش گرێدراوە بە پەرەسەندن و پتەوتربوونی پەیوەندییە هەبووەکانی نێوان هەڵسووڕاوانی کرێکاریی و تێکۆشەرانی پێشەنگی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی سەرتاسەریدا. واقیعییەت ئەوەیە کە بۆ چینی کرێکاری ئێران و بۆ ملیۆنان کەس لە چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا، هیچ ڕێگایەکی دیکە نەماوەتەوە جگە لە خەبات و نارەزایەتی دەربڕین. بە دڵنیاییەوە ئەوان نایانەوێت شاهیدی مەرگی بەشێنەیی خۆیان بن. خۆڕاگریی ژنانی ئازادیخواز لە شەقامەکان لە بەرامبەر ئەو شێوازە ژیانەی کە لەلایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە بەسەریاندا سەپێنراوە، مانگرتنە کرێکارییەکان و خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەردەوامی خانەنشینان، سەرجەمیان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە خەڵک چیتر ئامادە نین ببنە قوربانیانی نادیاری ئەم دۆخە کارەساتبارە. ئەوان چیتر ئامادە نین تا شاهیدی ئەوە بن کە بەناو دادگاکانی ڕژێم، چۆن حوکمی نامرۆڤانە لە دژی خەباتکارانی دەستبەسەرکراو دەردەکەن. بەرپرسانی ڕژێم بە خەیاڵی خاوی خۆیان پێیانوایە دەتوانن بەمجۆرە ڕێوشوێنانە، کۆمەڵانی خەڵکی نارازی و وەگیان هاتوو بنێرنەوە ماڵەوە.

ئەوەی کە لە جەرگەی ئەو هەموو نەهامەتیانەدا، لە جەرگەی هەموو ئەو هێرش و دەستدرێژیانەی کە دەیکەنە سەر سفرەی ملیۆنان کەس، کۆمەڵگا شاهیدی نارەزایەتی ڕۆژانەی کرێکاران و مامۆستایان و خانەنشینان و ...هیترە، دیارترین هێمای بێکاریگەریی ئیدیعا پووچ و بێ بنەماکانی بەرپرسانی ڕژێم و هاوکات بوونی پۆتانسێلی تەقینەوەیەکی عەزیمە لەم کۆمەڵگایەدا. خەڵک لە ژیانی واقیعی خۆیاندا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەرک بەو ڕاستییە دەکەن کە تەنیا ڕێگای ڕزگاربوون لەم بارودۆخە پڕ لە نەهامەتییە، بریتییە لە پەرەپێدانی نارەزایەتییەکان، هاتنە سەر شەقامەکان، مانگرتن لە کارگە و ناوەندەکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنان و ئامادەکارییەکی هەمەلایەنە بۆ ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم دەسەڵاتە.



❊❊❊❊

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤١-نیوەی دووەهەم بەفرانبار١٤٠٢- ژانویە ٢٠٢٤

# دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دەیەوێت خەڵکی فەلەستین بە تەواوەتی لە کەرتی غەززە دەر بکات

زیاتر لە ٣ مانگ لە هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەززە تێدەپەڕێت. بۆردومانە جینایەتکارانەکان نەک هەر بینا چۆڵەکان، بەڵکوو نەخۆشخانە و کەمپەکانی پەنابەران و بیناکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە بەشێک لە دانیشتووانی غەززە پەنایان بردووەتە بەر ئەو شوێنانە، دەکاتە ئامانج. تەنانەت کاروانی یارمەتییە مرۆییەکانیش لە هێرشە ئاسمانی و تۆپخانەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل پارێزراو نین. ژمارەی کوژراوەکانی ئەو جینایەتە، ٢٣ هەزار کەسی تێپەڕاندووە، کە یەک لەسەر سێیان منداڵن. بڕیارنامەکانی پەیوەست بە ئاگربەست لە نەتەوە یەکگرتووەکان یەک لە دوای یەک لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە ویتۆ دەکرێن. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئەمریکا هاوکات زۆر بێبەزەییانە ئامراز و پێداویستییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لەم کۆمەڵکوژییە دڕندانەیە دا، دابین دەکات. مارتین گریفیس، ڕێکخەری یارمەتییە مرۆییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە، کەرتی غەززە بەجۆرێک وێران بووە کە چیتر شیاوی ژیان و نیشتەجێبوون نییە و بووەتە کانگای مەرگ و نائومێدی. نەخۆشی و برسێتی بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. بەهۆی بۆردومانی چڕ و بێ پسانەوە، ئیمکانی گەیاندنی هەر جۆرە خزمەتگوزارییەکی پزیشکی و دەرمانی، بەکردەوە نامومکینە و بریندارەکان یەک لە دوای یەک گیانیان لەدەست دەدەن. نزیکەی هەموو دانیشتوانی غەززە ئاوارە بوون و تەنانەت ئەو پەنابەرانەش کە لە لێواری کەرتی غەززە و نزیک ڕێڕەوی نێوان میسر و ئیسرائیل جێگیر بوون، لە هێرش و بۆردومانەکان پارێزراو نین. ئاستی جینایەتەکانی دەوڵەتی نئوفاشیستی ئیسرائیل لە غەززە بە ڕادەیەکە کە تاوانە بەردەوامەکانی هێزە ئەمنییەکانی ئیسرائیل لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن، کەوتووەتە پەراوێزەوە. لە سەرەتای هێرشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە، زیاتر لە ٢٠٠ گەنجی خۆپیشاندەری فەلەستینی لەو ناوچەیە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل کوژراون.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە بەیتولموقەدەسی ڕۆژهەڵات و کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن لە ساڵی ١٩٦٧ەوە کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە داگیرکرا، بەسەر چەند پارچەیەکی جیاوازدا دابەشکراوە و لە هەرکام لەو بەشانەدا شارۆچکەی یەهوودی نشینیان تێدا دروستکراوە. ئەو شارۆچکانە بە دیواری بەرزی کۆنکرێتی لە گەرەکە فەلەستینییەکان جیاکراونەتەوە و ئەم بەشەی فەلەستین هاوشێوەی غەززە، بە کردەوە لە ناو ئەم حەسارەدا بووەتە زیندانی فەلەستینییەکان. لەمڕووەوە دەتوانین بڵێین کە لەڕاستیدا خۆڕاگریی خەڵکی فەلەستین چ لە غەززە و چ لە بەیتولموقەدەسی ڕۆژهەڵات و کەرتی ڕۆژئاوا، شۆڕش و سەرهەڵدانی ناو ئەو زیندانە سەرئاواڵانیە، کە لەلایەن پاسەوانانە ئیسرائیلییەکانەوە بەوپەڕی بێڕەحمییەوە سەرکوت دەکرێت.

بەئاگابوونی بیروڕای گشتی لە ئاست تاوانەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە غەززە، شەپۆلێکی پشتیوانی لە خەڵکی بێ دیفاعی فەلەستین، لە سەرانسەری جیهاندا خستووەتەڕێ. نارەزایی دژ بە دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ناتانیاهۆ لە ئیسرائیل سەرلەنوێ سەری هەڵداوەتەوە. ئێوارەی ڕۆژی شەممە، نەیارانی ناتانیاهۆ لە مەیدانی هابیما لە تەلئەبیب، کۆبوونەوە و لە گەرمەی ئەو شەڕەی ئێستا لەگەڵ حەماس، خوازیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە و دەستلەکارکێشانەوەی ئەم دەوڵەتە بوون. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی، لەناو بەشێک لەو جەماوەرەی کە لەم ڕژیمە بێزارن، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری جیهان، لەگەڵ هەستێکی جیاوازتر بەرەوڕووین. لە ئێران، بە هۆی پەرەسەندنی ڕق و بێزاریی بەردەوامی خەڵک لە ڕژیمی ئیسلامی، شاهیدی بەرێوەچوونی خۆپیشاندان و نارەزایەتی ڕاستەقینەی جەماوەریی ( نەک فەرمایشی ) بە نیشانەی پشتیوانی لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە نەبووین. ئەگەر خەڵکی ئێران بەدەست سیستەمی ئاپارتایدی حکوومەتی ئیسلامییەوە دەناڵێنن، خەڵکی فەلەستینیش بەدەست سیاسەتی گرووپە ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکان و سیستەمی ئاپارتایدی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە ئازار دەبینن. لەمڕووەوە ناتوانین هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە وڵاتی خۆماندا لەدژی ئاپاراتایدی حکوومەتی ئیسلامی خەبات دەکەین، بەرامبەر بە ئاپارتایدی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بێ هەڵوێست بین. تەنیا بە دیفاعی لێبڕاوانە و ڕوون و واقیعی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی دیکە، دەتوانین ڕاشکاوانە و لێبڕاوانە دیفاع لە مافی چارەنووسی خۆشمان بکەین و چاوەڕوانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بکەین. لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا شاهیدی دیاردەی خۆپیشاندانی یەهوودیانی ئاشتیخواز و دژە سەهیۆنیزم و دژایەتیی بەشێک لە خەڵکی ئیسرائیل لەگەڵ سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی دەوڵەتی نئوفاشیستی ناتانیاهۆ بووین. هەرچەندە ئەم حەرەکەتە هێشتا لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام تروسکەیەکی هیوای بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو لەگەڵ هەڵبژاردنێکی ئازادانەی خەڵکی هەردوو لایەنی شەڕەکە بەخشیوە. یەکێک لە دەور و نەخشی تێکدەرانەی لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامی، بریتییە لە هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لەم تروسکەی هیوایە. ئەوان لەم پێوەندییەدا ڕێک بە هەمان ئاراستەدا هەنگاو دەنێن کە مەزهەبییە توندرەوەکانی ئیسرائیل دەیانەوێت.

دەوڵەتی ئیسرائیل بە ئاشکرا هەوڵی دەرکردنی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە دەدات. لەم دواییانەدا وەزیری دارایی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە، لە ڕەوتی کۆچکردنی خۆبەخشانەی عەرەبەکانی غەززە بەرەو وڵاتانی جیهان پێشوازی دەکات و پێیوایە کە ئەوە چارەسەرێکی ئینسانی و دروستە بۆ دانیشتوانی غەززە و سەرجەم ناوچەکە دوای ٧٥ ساڵ پەنابەریی و هەژاریی و مەترسی. باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیل لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم پێوەندییەدا دەڵێت: غەززە بەر لە شەڕ شوێنێکی باش نەبووە بۆ ژیان و لە دوای شەڕیش شوێنێکی باشتر نابێت. هەربۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە فکری بژاردەگەلێکدابێت کە بیخاتە بەردەم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەم ناوچەیە بچنەدەرەوە و، ئێمە وتوومانە کە باشتر وایە ژمارەیەکی ڕەمزی دیاری بکرێت کە هەر وڵاتێک پابەند بێت بە یارمەتیدانی فەلەستینییەکان بۆ ئەوەی لەوێ لە ژیانێکی باشتر بەهرەمەند بن. بۆچی ئەم بژاردەیە بۆ خەڵکی غەززە کە دەیانەوێت بڕۆنە دەرەوە، فەراهەم نەکەین؟ بژاردەیەکی لەو چەشنە، بە کردەوە هیچ واتایەکی نییە جگە لە ئاوارەکردنی زیاتر لە دوو ملیۆن دانیشتووی غەززە لە بیابانەکانی سینادا. لەو ڕووەوە کە چارەنووسێکی لەو شێوەیە، ویستی خەڵکی غەززە نییە، ئەوا دەبێت بە جینۆساید ناچار بکرێن بۆ ئەوەی کە جگە لەوە، هیچ ڕێگەیەکی تر لەبەردەم خۆیاندا نەبینن و لە ڕاستیدا ئەمە ستراتیژی ڕاستەقینەی دەوڵەتی نئوفاشیستی ئیسرائیلە لە غەززە.

****



# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە ئیدانەکردنی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شاری هەولێر ناوەندی هەرێمی کوردستان

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

دەوروبەری نیوەشەوی شەوی ڕابردوو، چەند شوێنێکی شاری هەولێر ناوەندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوتەبەر هێرشی مووشەکەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لانیکەم چوار ئەندامی بنەماڵەیەک گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکی دیکەش برینداربوون. لە سەروبەندی ئەو هێرشە مووشەکییەدا، چەند فرۆکەیەکی بێفرۆکەوانیش بەسەر ئاسمانی شارەکە و دەوروبەری فرۆکەخانەی هەولێردا دەسووڕانەوە کە لەلایەن هێزەکانی بەرگریی ناوچەکەوە خراونەتە خوارەوە. بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو درۆنانە سەر بە هێزەکانی حەشدی شەعبی بوون و بە هەماهەنگی لەگەڵ هێرشە مووشەکییەکان ڕەوانەی ناوچەکە کرابوون. سپای پاسداران بە فەرمی بەرپرسیارێتی هێرشە مووشەکییەکەی بۆ سەر هەولێر لە ئەستۆ گرت و ئیدیعای ئەوەی کرد کە شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە کردۆتە ئامانج. پاساوەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە هێرشی مووشەکی شەوی ڕابردوو، دووبارە و بێ بنەما و بۆ هەموو لایەک ئاشنان. ئەمە یەکەمجار نییە کە کۆماری ئیسلامی کاتێک لە لایەن ئیسرائیل، داعش، یان ئەمریکاوە زەبرێکی بەردەکەوێت، هێزی مووشەکی خۆی دەنوێنێ و بە هەڵبژاردنی ئامانجگەلێکی ئاسان و بەردەست، هەوڵ دەدات لاوازییەکانی خۆی بشارێتەوە. ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێگای سەرنجە ئەو واقیعییەتەیە کە لە کاتێکدا ئەرتەشی ئەمریکا خاوەنی سیستەمی بەرگریی دژە مووشەکە لەم ناوچەیە و ئەم چەشنە هێرشە مووشەکیانەش چەندین جار دووبارە بوونەتەوە، بەڵام هیچ کاردانەوەیەک لەخۆیان نیشان نادەن. هەروەها لە حاڵێکدا دەوڵەتی ناوەندی عێراق ئیدیعای دەسەڵاتدارێتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەکات، بەڵام وڵامێکی جددی تەنانەت لە ئاستێکی سیاسی و دیپلۆماتیکدا بەمجۆرە دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی نییە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هێرشی جینایەتکارانەی شەوی ڕابردوو بۆ سەر شاری هەولێر، بە توندی ئیدانە دەکات و داوا دەکات کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە وڵامی ڕاشکاو و لێبڕاوانەی خۆی، ڕێگە بە ڕژیمی ئێران نەدات کە هەموو جارێک بێباکانە گیان و ژیانی مرۆڤەکان وەک ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ پەردەپۆشکردنی لاوازیی و بێ توانایییەکانی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا.

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**٢٦ی بەفرانباری ١٤٠٢**

****

# قەیرانی کۆچی پزیشک و پەرستاران لە ئێران

ڕۆژنامەی عەسری ئێران چاپی تاران، ڕۆژی ٢٤ی بەفرانبار، ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر پزیشک و پەرستار لە ئێران بڵاو کردەوە. لەو ڕاپۆرتەدا لە زمانی یەحیا ئیبراهیمی، نوێنەر و ئەندامی کۆمیسیۆنی تەندروستی مەجلیسی ئیسلامییەوە هاتووە: سەرەڕای سنوورداربوونی ئیمکانی سەفەرکردن، ڕێژەی چوونەدەرەوەی پزیشکان «لەدوای سەردەمی کۆرۆناوە دوو هێندە زیادی کردووە. ئەم ژمارەیە ٦ بۆ ١٠ هەزار پزیشک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک پزیشکی گشتی و تایبەتمەند و پسپۆڕ لەخۆ دەگرێت و هەروەها مامۆستایان و پزیشک و پەرستار و بوارەکانی تری پەیوەست بە بابەتی پزیشکیش دەگرێتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی »ڕوانگەی کۆچی ئێران، ساڵانە ٦٥ هەزار کەس لە ئێرانەوە کۆچ دەکەن. بە پێی ئامارێک کە لە ڕۆژنامەی فەرهیختەگاندا بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی ١٤٠٢دا ٢٣٠٠ پزیشکی پسپۆڕ و ٤٢٠٠ پزیشکی گشتی ئێرانیان بەجێهێشتووە کە ٣٠٪ زیاترە لە مامناوەندی ڕێژەی ئەو پزیشکانەی بە کۆی گشتی دێنە ناو بازاڕی کاری ئێرانەوە. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامی، یەکێکە لە ناوەندەکانی کۆچبەریی جیهان. هەرچەندە تا ئێستاش زۆرینەی کۆچبەرانی ئێران بریتین لە پەنابەری سیاسی و ئەو گەنجانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن، بەڵام ئێستا ئیتر تەنانەت بەرپرسانی ڕژیمیش باس لە قەیرانی کۆچکردنی پزیشکان، پەرستاران، ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان، وەرزشوانان، دەرچووانی خاوەن بڕوانامەی بەرزی زانکۆ و تەنانەت خاوەن سەرمایەکانیش دەکەن.

کۆچبەران و پەنابەرانی سیاسی ئێران لە دەست ستەم و سەرەڕۆیی، سەرکوت، هەڵاواردن، نەبوونی هەلومەرجی ژیانی ئینسانی، و بە ئومێدی بەدەستهێنانی ئەمنییەت و هەلومەرجێکی باشتری ژیان بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان، وڵات بەجێدەهێڵن. چوونەدەرەوە لە وڵات لە ڕێگە قاچاغ و نافەرمیەکانەوە گەلێک ئەستەمە. زۆربەیان دار و نەداری خۆیان دەفرۆشن بۆ ئەوەی هەزینەی دەرچوون لە وڵاتی پێ دابین بکەن و سەدان هەزار کەس لەم کۆچبەرانە لە وڵاتەکانی دراوسێی ئێران، لەوانە تورکیە، عێراق، گورجستان، هیندستان، پاکستان و تەنانەت ئەفغانستانیش، لە دۆخێکی زۆر دژواردا دەژین و لە چاوەڕوانی چوون بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوادا بەسەر دەبەن. بەداخەوە بەشێک لەو کۆچبەر و پەنابەرانە هیچ کات ناگەنە شوێنی مەبەست و لەناو دەریاکان، لەناو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان و تەنانەت ناو ساردخانەی گواستنەوەی خۆراک یان لە بیابان و دارستانەکاندا گیانیان لەدەست دەدەن. بەڵام بەشێک لەو کەسانەی کە لە ئێرانەوە بەرەو هەندەران کۆچ دەکەن، هێزی خوێندەوار و پسپۆڕن، کە بە واتایەک بە هەڵاتنی مێشک و نوخبە لە بوارە جیاجیاکاندا دەناسرێن. تەنها لە ئەمریکا زیاتر لە نۆ هەزار پزیشکی ئێرانی کاردەکەن، ژمارەی پسپۆڕانی بوارەکانی دیکەش بە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت. ئێستا کەم زانکۆ هەیە لە جیهاندا کە مامۆستا و پرۆفسۆری ئێرانی، تیایاندا وانە نەڵێتەوە.

هەزاران پزیشک و پسپۆڕ، هەزاران ڕۆژنامەنووس، نووسەر، سینەماکار، پەرستار، زانایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست و خوێندکاری خاوەن بڕوانامەی بەرز، لەم ساڵانەدا ناچار بوون ئێران جێبهێڵن. لە هەلومەرجێکدا کە نەخۆشخانەکانی ئێران لەگەڵ کەمی کادری پسپۆڕ و لێهاتوو بەرەوڕوون، کوالیتی و ئاستی خوێندن لە ناوەندەکانی پەروەردەدا دابەزیوە، ژینگە پێویستی بەپەلە و هەنووکەیی بە کەسانی کارناس و پسپۆڕ هەیە، پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی کۆچگردنی ئەو هێزە خوێندەوارە، هەزینەیەکی قورس بەسەر خەڵکی ئێراندا دەسەپێنێت. ڕژیم نەک هەر لە هەوڵی کەمکردنەوە و پێشگرتن لە کۆچکردنی خوێندەواران و هێزی لێهاتووی کار لە ئێرانەوە نییە، بەڵکوو بەکردەوە ڕێگای بۆ خۆش دەکات. نیو ملیۆن ئاخوند و خوێنداری مشەخۆر و کۆنەپەرستی ئایینی، دەسەڵاتدارانی دز و گەندەڵ و لات و چەقۆکێشی ئیسلامی، وڵات بە موڵکی شەخسی خۆیان دەزانن. وڵاتی ئێران هی کۆمەڵانی خەڵکە و ئەگەر بڕیار بێت کەسێک وڵات بەجێبهێڵێت، ئەوا، ئەو تاقمە دز و جینایەتکارانەن کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی ئێران سوور بووە و سەروەت و سامانی وڵاتیان تاڵان کردووە. ڕژیمی ئیسلامی، ئێرانی کردووە بە دۆزەخێکی ڕاستەقینە بۆ بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی. هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی کۆچبەرانی ئێران، بریتییە لە ئیفلاسی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەجۆری حکوومەتی ئیسلامیی. بە ڕووخانی ئەم حکوومەتە کۆنەپەرستە، ملیۆنان کۆچبەر کە بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناچار بوون وڵات جێبهێڵن، بەو ئەزموون و ئیمکاناتە بەرفراوانەی کە بەدەستیان هێناوە، دەتوانن ڕۆڵێکی جددی و کاریگەر لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا و بنیاتنانی نیزامی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانی داهاتوودا بگێڕن

****

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

# خەباتی کەمئەندامان لەپێناو دابینکردنی لانیکەمی پێداویستییە مرۆڤییەکاندا

ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی بەفرانباری ١٤٠٢، کەمئەندامانی سەرتاسەری ئێرانلە تاران لە بەردەم ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتییان بەڕێوە برد. ئەوان بەرامبەر بە جێبەجێنەکردنی یاسای پاراستنی مافی کەمئەندامان، گەلێک ناڕازین. بەگوێرەی مادەی ٢٧ی ئەم یاسایە، ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی دەبێ مووچەی ئەو کەسانەی کە ڕێژەی کەمئەندامییەکەیان زۆرە، بەپێی ئەو لانیکەمی حەقدەستەی کە شۆڕای باڵای کار دیاریی دەکات، بدات. بەڵام مووچەی مانگانەی ئەم کەمئەندامانە ساڵەهایە تەنیا ٥٣٠ هەزار تمەنە. کەمئەندامان لە درێژەی خەبات و نارەزایەتی مانگێک لەمەوبەری خۆیاندا، لە تاران دەستیاندایە کۆبوونەوەیەکی دەستەجەمعی و سەرتاسەریی. لەو گردبوونەوەیەدا، موخبر، جێگری پێشووی سەرۆککۆمار و ئەندامی کۆمەڵەی دیاریکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیزام، هاتەناو خۆپیشاندەران و بەڵێنی پێدان کە بە زووترین کات کێشەی کەمئەندامان و بەتایبەتی ئەو کەمئەندامانەی مادەی ٢٧ دەیانگرێتەوە، چارەسەر بکات. مانگێک بەسەر ئەو بەڵێنییە بێبنەمایەدا تێپەڕیوە بەڵام کەمئەندامان تا ئێستاش هەر ئەو بڕە مووچە کەمەی جاران وەردەگرن. بڕیارە سبەی دووشەممە ٢٥ی بەفرانبار کاتژمێر ١٠، کەمئەندامانی پارێزگای خوزستان لەپێناو خواستی جێبەجێکردنی مادەی ٢٧، لەبەردەم ئوستانداری کۆببنەوە. کەمئەندامان بەبێ لەبەرچاوگرتنی هۆکار و کوالێتی و ڕێژەی کەمئەندامییەکەیان، خاوەنی هەمان مافی بنەڕەتین کە هاووڵاتیانی دیکە هەیانە. مافی بەهرەمەندبوون لە خوێندن، تەندروستی، نیشتەجێبوون، کار، ئیمکاناتی کات بەسەربردن، وەرزش و هەروەها مافە مەدەنی و سیاسییەکان، لە زومرەی مافە سروشتیەکانیانە. ئەمانە مافێکن کە لە ئاکامی خەباتی چەندین ساڵەی سەدان ملیۆن کەمئەندام و پشتیوانانی ئەوان لە جیهاندا، لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا گونجاون.

کەمئەندامان لە ئێران کێشە و گرفتی زۆریان هەیە، لەوانە: کێشەی هەژاری لەڕادەبەدەر، هاتووچۆ لە ناو شار و دەرەوەی شار بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی تایبەت بۆ کەمئەندامان لە ڕێگا و شەقام و شوێنە گشتیەکان، کێشەی کار، بەهۆی نەبوونی یاسایەکی کە پشتگیرییان بکات، هەڵسوکەوتی نەشیاوی خاوەنکار و دەسەڵات و تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بەهۆی نەبوونی فەرهەنگسازی، لەبەرچاو نەگرتنی بەهرەی کەمئەندامان، کە بەهۆیەوە بتوانن ژیانیان سەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە و هەست بە کەمیی یان سەرباری ئەم و ئەو نەکەن، کێشەی ئابووری بەهۆی نەبوونی هەلی کاری گونجاو و هەندێکجاریش هەزینەی قورسی تایبەت بە بارودۆخی ژیان، کێشەی خوێندن لەوانە نەبوونی ئیمکانات لە قوتابخانە و زانکۆکان و کێشەی هاوسەرگیری و هتد.

لە وڵاتێکی وەک ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کە جگە لە تاقمێک دەسەڵاتدار و یان شەریکە دەسەڵات و خاوەنانی گەندەڵی سەرمایە زەبەلاحەکان، باقی هاووڵاتیان ناچارن لەپێناو دەستەبەرکردنی هەرکام لە ویست و داواکارییەکانیاندا، بەسەختی شەڕ بکەن و هەزینەی قورس بدەن، ئیتر کەمئەندام دەتوانێت چ مافێکی هەبێت؟ کەمئەندامانی بەهۆی کاری نائەمن و مەترسیدار، شەڕ، ئەشکەنجەی زیندان، ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ڕێگاوبانە ناستانداردەکان، خزمەتگوزاری پزیشکی چینایەتی و بەڕادەیەکی زۆر کەم، بە تاوان لەقەڵەمدانی لەباربردنی کۆرپەلە، نەخۆشییە خێزانییەکان و هاوشێوەکانی، چۆن ژیان بەسەردەبەن؟ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، ئاماری ڕاستەقینەی ژمارەی کەمئەندامان هەرگیز بڵاو نەکراوەتەوە. ئامارە فەرمییەکان تەنیا ژمارەی ئەو کەمئەندامانە لەخۆ دەگرێت کە لەژێر چاوەدێری ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتیدان، کە نزیکەی یەک لەسەر دەی ئامارە ڕاستەقینەکانە. ئاماری ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەریدەخات کە لە نێوان ١١ بۆ ١٢ لەسەدی دانیشتووانی ئێران کەمئەندامن و لەوانەش ٤ بۆ ٥ میلیۆن کەسیان ڕێژەی کەمئەندامییەکەیان زۆرە و ساڵانەش زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس بە ژمارەی کەمئەندامان زیاد دەبێت. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ و کەمپەینی مافی مرۆڤی ئێراندا لە ژێر ناوی «منیش بەقەد ئێوە مرۆڤم» هاتووە: زۆرێک لە کەمئەندامانی ئێرانی هێشتا لە ماڵەکانیاندا گرفتارن و توانایی ژیانێکی سەربەخۆ و وەک هەر هاووڵاتییەکی تر بەشداریکردنیان لە کاروباری کۆمەڵگادا نییە. بێتوانایی یان کەمتوانایی لە هەندێک چالاکیی جەستەیی و زێهنی دا، بە مانای بێتوانایی و کەمتوانایییەکی تەواو و موتڵەق نییە و لەوانەیە بەشێک یان چەند بەشێک لە جەستە یان زێهنی کەسێک توانایی تەواو و پێویستی نەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە بەشەکانی دیکەی جەستەی، خاوەنی توانایییەکی زیاتر لە ڕادەی ئاسایی بێت.

کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی ئێران کە تیایدا کەمئەندامان تەنانەت لە لانیکەمی ئەو ئیمکاناتەش بێبەشن کە لە کۆمەڵگای ئێراندا بوونی هەیە. هەژاری و بێکاری، نەبوونی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی بۆ کەمئەندامان، چل ساڵ داگیرکاری نیزامی و تەقینەوەی مین و تەقەکردن لە کۆڵبەران و هتد، بەشێک لە خەڵکی تووشی کێشەی دەروونی و جەستەیی کردووە. ڕژیمی ئیسلامی نە لە کوردستان و نە لە سەرتاسەری ئێران ئامادە نییە بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە کەمئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە لە ئەستۆ بگرێت. بە بڕێکی کەم لەو هەزینە زۆر و زەوەندەی کە بۆ میلیتاریزم و سەرکوتکردنی خەڵک و تیرۆر و دەستێوەردانی کۆنەپەرستانە لە دەرەوەی سنوورەکان خەرج دەکرێت، دەتوانرێت ژیانێکی ئینسانی و شایستە بۆ کەمئەندامان دابین بکرێت، پرسێکی کە دەبێ یەکێک بێت لە ئەولەویەتەکانی ئەو حکوومەتەی کە لەئاکامی ڕوخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا دێتە سەرکار.




❊❊❊❊

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٤١-نیوەی دووەهەم بەفرانبار١٤٠٢- ژانویە ٢٠٢٤

# درێژەی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ( ڕاهی کاریگەر)

**یەکەم:** هێرشی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەززە پێی ناوەتە چوارەمین مانگی خۆیەوە. بۆردومانە جینایەتکارانەکان نەک هەر بینا چۆڵەکان، بەڵکوو نەخۆشخانە و کەمپەکانی پەنابەران و بیناکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە بەشێک لە دانیشتووانی غەززە پەنایان بردووەتە بەر ئەو شوێنانە، دەکاتە ئامانج. تەنانەت کاروانی یارمەتییە مرۆییەکانیش لە هێرشە ئاسمانی و تۆپخانەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل پارێزراو نین. ژمارەی کوژراوەکانی ئەو جینایەتە، ٢٣ هەزار کەسی تێپەڕاندووە، کە یەک لەسەر سێیان منداڵن. بڕیارنامەکانی پەیوەست بە ئاگربەست لە نەتەوە یەکگرتووەکان یەک لە دوای یەک لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە ڤیتۆ دەکرێن. نزیکەی هەموو دانیشتوانی غەززە ئاوارە بوون و تەنانەت ئەو پەنابەرانەش کە لە لێواری کەرتی غەززە و نزیک ڕێڕەوی نێوان میسر و ئیسرائیل جێگیر بوون، لە هێرش و بۆردومانەکان پارێزراو نین. لە کەرتی ڕۆژئاوا تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ گەنجی نارازی فەلەستینی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئیسرائیلەوە کوژراون و سەدان کەسیش دەستبەسەر کراون. دەوڵەتی ئیسرائیل بە ئاشکرا هەوڵی دەرکردنی خەڵکی فەلەستین لە کەرتی غەززە دەدات. لەم دواییانەدا وەزیری دارایی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە، لە ڕەوتی کۆچکردنی خۆبەخشانەی عەرەبەکانی غەززە بەرەو وڵاتانی جیهان پێشوازی دەکات و پێیوایە کە ئەوە چارەسەرێکی ئینسانی و دروستە بۆ دانیشتوانی غەززە و سەرجەم ناوچەکە دوای ٧٥ ساڵ پەنابەرپی و هەژاریی و مەترسی. باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیل لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم پێوەندییەدا دەڵێت: غەززە بەر لە شەڕ شوێنێکی باش نەبووە بۆ ژیان و لە دوای شەڕیش شوێنێکی باشتر نابێت. هەربۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە فکری بژاردەگەڵێکدابێت کە بیخاتە بەردەم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەم ناوچەیە بچنەدەرەوە و، ئێمە وتوومانە کە باشتر وایە ژمارەیەکی ڕەمزی دیاری بکرێت کە هەر وڵاتێک پابەند بێت بە یارمەتیدانی فەلەستینییەکان بۆ ئەوەی لەوێ لە ژیانێکی باشتر بەهرەمەند بن. بۆچی ئەم بژاردەیە بۆ خەڵکی غەززە کە دەیانەوێت بڕۆنە دەرەوە، فەراهەم نەکەین؟ بژاردەیەکی لەو چەشنە، بە کردەوە هیچ واتایەکی نییە جگە لە ئاوارەکردنی زیاتر لە دوو ملیۆن دانیشتووی غەززە لە بیابانەکانی سینادا. لەوڕووەوە کەچارەنووسێکی لەوشێوەیە، ویستی خەڵکی غەززە نییە، ئەوا دەبێت بەجینۆساید ناچاربکرێن بۆ ئەوەیکە جگەلەوە، هیچ ڕێگەیەکیتر لەبەردەم خۆیاندا نەبینن و لە ڕاستیدا ئەمە ستراتیژی ڕاستەقینەی دەوڵەتی نئۆفاشیستی ئیسرائیلە لە غەززە. پێویستە خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بە هەموو هێزەوە بەرەوڕووی ئەم ستراتێژە ڕەگەزپەرستانەیە ببنەوە. ئەمە پاکتاوێکی نەتەوەیی بە مانا و بێ شەرمانەیە.

**دووەم:** هێشتا سێ هەفتە بەسەر ئاشکرابوونی گەندەڵی سێ ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری شیرکەتی چای دێبش دا تێنەپەڕیبوو کە پەروەندەیەکی دیکەی ساختەکاری و گەندەڵی لە ئاستە باڵاکانی ڕێژیمدا ئاشکرا بوو. ڕەمەزان ئەمینی ڕاوێژکاری سەرۆکی شارەوانی شیراز، بە هاوکاری بنەماڵەکەی، شیرکەتێکی مەجازییان بە ناوی "بە ئایین مێهر پارس" دامەزراندووە و لەو ڕێگایەوە بە بیانووی هەناردەکردنی میوەی وشک بۆ عومان و قەتەر و ئەوروپا، داوایان لە خەڵک کردووە لەو شیرکەتەدا سەرمایەگوزاری بکەن. ناوبراو و ئەندامانی بنەماڵەکەی، بە بڕی ١٥٠ ملیارد تمەن فێڵیان لە خەڵکی شیراز و دەوروبەر کردووە. واقیعییەت ئەوەیە کە پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامی بە بوونی ئیمپراتۆریەتێکی ئابووریی زەبەلاحی ژێر دەسەڵاتی سپای پاسداران، کە نزیکەی ٧٠٪ی تەواوی ئابووری ئێرانی لە دەستدایە، سەرچاوەی سەرەکی گەندەڵییە. بەڵام پرسی گەندەڵی لەم حکوومەتە شپرزەیەدا، هاوکات ئامرازێکی سیاسیشە. لە ڕاستیدا لە کۆماری ئیسلامیدا، گەندەڵی، جۆرێکە لە "گەندەڵی ستراتێژی" کە لوتکەی دەسەڵات بە ئانقەست وەک ئامرازێک بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆی بەکاری دەهێنێت. کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕۆحی ئارمانگەرایی و مەسەلەی بیروباوەڕی ئایینی لە نەوەی نوێی ناو هێزەکانی ڕژیمدا و لاوازبوونی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، هیچ ڕێگایەکی بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵات لەناو هێزەکانیدا نەهێشتۆتەوە جگە لەوەی کە زەمینەی گەندەڵی دارایی و دەوڵەمەندکردن لەنێواندا و بە تایبەت لەناو کەسانی سەرەوەی دەسەڵات، لە ئاستێکی بەربڵاودا، فەراهەم بکات. خاوەنکارەکانیش بەتایبەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق و سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانی، باسیان لەوە دەکرد کە گەندەڵی شتێکی خراپ نییە و ڕەوڕەوەی گەشەپێدان خێراتر دەکات. ئەوان بەم ئارگیومێنتە، کە بۆ کابینەکەی ڕەفسەنجانی جێگەی پەسەند بوو، هەموو ئامرازێکیان بەکارهێنا بەمەبەستی دەرکردنی کرێکارانی نارازی و هەرزانکردنی هێزی کار.. یەکێکی تر لە ڕیشەکانی گەندەڵی پێکهاتەیی لە حکوومەتی ئیسلامیدا، بریتییە لە سروشتی ئیدئۆلۆژیکی دەوڵەت، کە بەپێی ڕادەی نزیکیی و گوێڕایەڵی بۆ پێکهاتەی دەسەڵات و لوتکەی هەرەمەکەی، هێزەکان هەڵدەسەنگێنێت و چاوپۆشی دەکات لە دەور و نەخشی ئەوان لە تاڵانچێتییەکی ڕێکخراودا. شەڕی ئێستای باڵی بەهێزی ئابووریی نزیک لە بەیت و بەرەی پایەداریی لەگەڵ نیۆلیبرالیزمی لیبراڵ و میانڕەوەکان و بنەماڵەی ڕەفسەنجانیش، هەمان لۆژیک پەیڕەو دەکات.

**سێهەم:** ماشێنی کوشتاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خێراتر بووە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا جینایەتکارانی ڕژیم بە شێوەیەکی بێباکانە و بەبێ گرنگیدان بە کاردانەوەی بیروڕای گشتی، تۆمەتباران لە زیندانەکاندا لەسێدارە دەدەن و هاوکات زەخت و گوشارەکانیان بۆ سەر زیندانیانی سیاسی لە ناو زیندانەکاندا پەرەپێداوە. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە پەرەسەندنی گوشارەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانە، نەک لە هێز و دەسەڵاتی ڕژیم، بەڵکوو لە ڕووی داماویی و ترس لە گەشەکردن و پەرەسەندنی خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. بێگومان هەوڵەکانی ڕژیم لەم بابەتەوە سەرکەوتوو نابێت و کرێکارانی نارازی و کۆمەڵانی خەڵکی مافخواز و چەوساوە و ستەمدیتوو، بەم هەوڵانە چاوترسێن نابن. پەرەسەندنی خەبات و خۆڕاگری ژنانی ئازادیخواز لە دژی حیجابی ئیجباری و خەباتی کرێکاران و خانەنشینان لە چەند مانگی ڕابردوودا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە. ئەگەریش سەرکوت لە قۆناغێکدا بتوانێت هەنگاوێک پاشەکشە بە خەڵک بکات، بەڵام زەمینە بابەتییەکانی هەڵچوونی ڕق و توڕەیی جەماوەر پەرەپێدەدات و سەرەنجام ئاگری خەبات و نارەزایەتییە جەماوەریی و مافخوازانەکان بڵێسە دەستێنێ و بە تێکڕوخاندی بینای کۆشکی ستەم و زۆرداری کۆماری ئیسلامی، زەمینە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، دێموکراتیک و یەکسانی پشتبەستوو بە هێزی ڕێکخراو و یەکگرتووی جەماوەری کرێکاریی و زەحمەتکێش و چەوساوە، خۆش دەکات. لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ( ڕاهی کارگەر ) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بە دەرکردنی ڕاگەیاندن پشتیوانی خۆیان لە کەمپەینێکی کە لەلایەن دامەزراوە مەدەنییەکانەوە بۆ ماوەی یەک هەفتە واتە لە ١٣ تا ٢٠ی ژانویە ڕاگەیەندرابوو، دەربڕیوە.

**چوارەم** - خەباتی کرێکاران بەتایبەتی لە ناوەندە پیشەسازییەکانی نەوت و فولاد هەروا بەردەوامە و لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠ مانگرتن و نارەزایەتی کرێکاریی بەڕێوەچووە. لەم پێوەندییەدا شاری شوش ناوەندی خۆپیشاندان و نارەزایەتی کرێکارانی مافخواز بوو. کرێکاران بەرامبەر بە گرانی و لەخوارەوەبوونی ئاستی حەقدەستەکان، نارازین. ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانبار، کرێکارانی شیرکەتی پایانە و مەخزەنەکانی پێترۆشیمی بەندەری ماهشەهر بۆ دووەمین ڕۆژی بەردەوام لە نارەزایەتی بە جێبەجێنەکردنی تەرحی تەبەقەبەندی پیشەکان و داواکارییەکانی دیکەیان، لە بەردەم بینای ئەو شیرکەتە کۆبوونەوە و نارەزایەتییان دەربڕی. لەهەمان ڕۆژدا، ژمارەیەک لە کرێکارانی فەرمی وەزارەتی نەوت کە لە شیرکەتی نەوت و گازی ئاغاجاری کاردەکەن، خوازیاری لابردنی تەواوەتی سەقفی مووچە، لابردنی سنووردارکردنی ساڵانی خانەنشینی، گەڕانەوەی لێبڕینی باجی زیادە، جێبەجێکردنی تەواوی مادەی ١٠ و دەستدرێژی نەکردنەسەر سندوقی خانەنشینی کرێکارانی نەوت بوون. خۆپیشاندەران لەم کۆبوونەوەیەدا لە دژی لەخوارەوەبوونی حەقدەستی خانەنشینان و گرانی و هەڵاوسان دروشمیان وتەوە. ڕۆژی هەینی ٨ی بەفرانباری ١٤٠٢، کرێکارانی فەرمی نەوت لە شیرکەتی فەلاتی قارەی بێهرەگان، بۆ چەندەمین جاری لەسەریەک بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان کۆبوونەوە. ئەو کرێکارانە لە کۆبوونەوەکانیاندا خوازیاری لابردنی کەسانی نفوزی و بەڕێوەبەرانی ناکارامە، لابردنی سەقفی مووچە، زیادکردنی لانیکەمی مووچە، لابردنی سنووردارکردنی ساڵانی خانەنشینی، جێبەجێکردنی تەواوەتی مادەی ١٠، پێدانی مووچە وەدواکەوتووەکان، لێک جیانەکردنەوەی پیشە لە ناوچە عەمەلیاتییەکان و دەستدرێژی نەکردنەسەر سندوقی خانەنشینی نەوت بوون. ڕۆژی چوارشەممە ٦ی بەفرانباری ١٤٠٢، کرێکارانی فەرمی شیرکەتی نەوت و گازی ئاغاجاری، لە درێژەی خەبات و نارەزایەتییەکانی خۆیان و هاوکارەکانیاندا، سەرلەنوێ کۆبوونەوە و لەسەر ویست و داواکارییەکانیان پێداگرییان کرد. مانگرتنی کرێکارانی فولاد بەشێوەیەکی شکۆدار لە ڕۆژەکانی سێهەم و چوارەم و پێنجەم دا بەشێوەیەکی شێلگیرانە و لە ئاستێکی بەربڵاودا بەردەوام بوو. ئەوە لە حاڵێکدایە کە خۆپیشاندانی هەفتانەی خانەنشینانیش هەروا بەردەوامە و کۆماری ئیسلامی بە ڕاگەیاندنی مایەپووچبوونی سندوقەکانی خانەنشینی، لە وەڵامدانەوە و ویست و داواکارییەکانی خانەنشینان خۆدەبوێرێت. ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی خانەنشینانیش ڕایانگەیاندووە کە تا گەیشتن بە ویست و داواکارییەکانیان، لەسەر درێژەدان بە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی سەرشەقام بەردەوام دەبن.

هاوکات لەگەڵ خەبات و نارەزایەتی کرێکاران و خانەنشینان، خەبات لەپێناو هەوای پاک و پاراستنی ژینگەش، بووەتە مێحوەری خەباتی جەماوەریی. خەباتی خەڵکی ئەردەکانی یەزد و خەڵکی ئەراک لە نارەزایەتی بە پیسبوونی هەوا و بەکارهێنانی مازووت لەلایەن ڕژیمەوە، دەستپێکی قۆناغێکی خەبات لەپێناو ژینگەدا نیشان دەدات. ئاشکرایە کە تێکدانی ژینگە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بووەتە هۆی نارەزایەتی بەرینی خەڵک لە سەرانسەری وڵات. ئەم فرەچەشنییەی بوارەکانی خەبات، نیشانەی قووڵبوونەوە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یە. بابەتێکی کە حکوومەتی ئیسلامی نیگەران کردووە.

**پێنجەم**- بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی، بە خەبات و خۆڕاگریی قارەمانانەی ژنان لە دژی حیجابی ئیجباریی، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەم خەبات و نارەزایەتیانە لەناو کۆمەڵگا و لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە گروتینەوە بەردەوامن. بڵاوبوونەوەی ڕەنجنامەی ڕوئیا حیشمەتی، یەکێک لە ژنانی خەباتکار کە بەهۆی بەسەردانەدانی حیجاب، سزای شەلاق لێدانی بەسەردا سەپێندرابوو، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی هەبوو. کۆماری ئیسلامی کە تەحەمولی خۆڕاگرییەکی لەم چەشنەی نەبوو، پەنای بردووەتە بەر تۆمەت هەڵبەستن و پەروەندەسازی لەدژی ناوبراو. لە درێژەی هەرئەم ورە بەرزی و خەباتکارانەی ژنانی ئێراندایە کە خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسیش لە ناو زیندانەکاندا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و گەشەی سەندووە.

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژەی لاپەڕەی ٧

خۆراگریی قارەمانانە بەرامبەر بە ویستی جەلادەکان بۆ ناچارکردنیان بە تۆبەکردن و دەربڕینی پەشیمانی لەبەردەم کامێراکانی تەلەویزیۆن، لەبەرنەکردنی جلوبەرگی زیندان لەکاتی ناردنیان بۆ ناوەندە پزیشکییەکانی دەرەوەی زیندان، بەکارنەهێنانی حیجابی ئیسلامی لە کاتی چوونە بەردەم دادگا، نووسین و بڵاوکردنەوەی نامەی نارەزایەتی لە دژی سیستەمی گەندەڵی دادوەریی و ئیدارەی زیندانەکان، دەربڕینی شادی و خۆشی لەناو زیندان لە کاتی بەخشینی خەڵاتی نێودەوڵەتی بە خەباتکاران و بنەماڵەکانیان، کۆبوونەوە و هەروەها مانگرتن و شێوازەکانی دیکەی چەشنە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

شەشەم - تەقینەوەی دوو بۆمب لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی قاسم سلێمانی لە گۆڕستانی کرمان، نزیکەی سەد کوژراو و زیاتر لە ١٥٠ بریندار لێکەوتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە کوژراو و بریندارەکان منداڵان و تازەلاوان بوون و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە ڕژیم بۆ قەرەباڵغ کردنی ئەو ڕێوڕەسمە، منداڵانی خوێندکاری قوتابخانەکانی لەو شوێنە کۆکردبووەوە. دوای دوو ڕۆژ لە تێپەڕبوونی ڕووداوەکە و دەستاودەستکردنی کۆماری ئیسلامی، دواجار داعش بەرپرسیارێتیی ئەو تەقینەوەیەی لە ئەستۆ گرت. هەرچۆنێک بێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم کردەوە تیرۆریستییە، کاری چ هێزێک بووە و بە چ مەبەستێک ئەنجام دراوە، خەڵکی بێ دیفاع قوربانیی ئەو کارەساتەن. دوکەڵی ئەمجۆرە کردەوە تیرۆریستیانە دەچێتە چاوی خەڵکی ئێران و ئەو خەڵکە بێتاوانانەی کە یان دەبنە قوربانی ئەم تیرۆرە یان بەهۆی تیرۆریزە کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا و پەرەپێدانی سەرکوت و خەفەقانی هەرچی زیاتر لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، باجی لێکەوتەکانی دەدەن. بەڵام لە ڕوانگەی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێرانەوە، ئەم کارەساتە نیشانەی ئاشکرای ناکارامەیی ڕژیمە، بەجۆرێک کە تەنانەت توانایی دابینکردنی ئەمنییەتی ڕێوڕەسمە فەرمییەکانی خۆیشی نییە. هەروەها پێویستە ئەو خاڵەش لەبەرچاو بگیرێت کە بە وتەی فەرمانداری کرمان، گوایە لە چەند ڕۆژی پێش ڕێوڕەسمەکەدا لە کرمان و بەلوچستان شانزە بۆمب دۆزراوەتەوە و پووچەڵکراونەتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەو مەراسیمە هەڵنەوەشێنراوەتەوە و تەنیا ڕێگری لە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکوومەتی و بنەماڵەی قاسم سولەیمانی کرا. دوا بەدوای تەقینەوەکەش دامودەزگا ئەمنییەکان و دوو هەزار هێزی گوردانی سایبێریی ڕژیم، هەموو هەوڵێکیان خستووەتەگەڕ بۆ دۆزینەوە و دەستبەسەرکردنی بەکارهێنەرانی دژبەری ڕژیم بە بیانووی بێ ڕێزیکردن بە قاسم سولەیمانی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، دژ بە ئامانجەکانی ڕژیم. بەرپرسی هێزی قەزایی ڕژیمیش داوای لە دادستانەکان کردووە کە کاردانەوەی جددی بەرامبەر بە ڕاپۆرتەکانی هێزە سایبێرییەکان لەخۆیان نیشان بدەن. ئەم بابەتە لە لایەکەوە ئەوپەڕی شپرزەیی ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی ڕژیم دەردەخات کە لە ئاست پێشگیری لەو جۆرە کردەوە تیرۆریستییانەدا بێتوانان و لە لایەکی دیکەشەوە بەیانگەری ئەو ڕاستییەیە کە ژیان و ئاسوودەیی و ڕای خەڵکی ئێران بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، هیچ بایەخێکی نییە.

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێت شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ( ڕاهی کارگەر)**

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**چوارشەممە ٢٠ی بەفرانباری ١٤٠٢**

**١٠ی ژانویەی ٢٠٢٤**

## کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکی وشکبوونی دەریاچەی ورمێیە


ئەو تەرحانەی کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕێگریکردن لە وشکبوونی دەریاچەی ورمێ جێبەجێ کراون، وێڕای ئەوەی کە زۆر بێکاریگەر و تەنانەت لە ڕووی زانستیشەوە ساویلکانە بوون، هەموویان شکستیان هێناوە و بەداخەوە ئەمڕۆ ئەم دەریاچەیە خەریکە بە تەواوی وشک دەبێت. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆیان هۆکاری چارەنووسی ئێستای دەریاچەی ورمێن، شکستی پرۆژەکانیان دەخەنە ئەستۆی سروشت و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چوار ساڵ وشکەساڵی یەک لە دوای یەک لە ئێران، هۆکاری شکستی ئەو پرۆژانەیە. بەڵام کارناسانی سەربەخۆ ئەم ئیدیعایانە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن کۆماری ئیسلامی دەیەوێت خۆی لە بەرپرسیارێتی هۆکاری ئەم کارەساتە ژینگەییە بێبەری بکات. کار گەیشتووەتە ئاستێک کە بەرپرسانی ڕژیم بە شێوەیەکی فریوکارانە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە وڵاتانی دراوسێ ڕێگری لەوە دەکەن کە هەوری باران بارین بگاتە ئاسمانی ئێران. بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەکە زۆر سادەیە و پێویستە نەک لە ئاسمان و نە لە کردەوەی کەسانی تردا، بەڵکوو لەسەر زەوی و لە پەروەندەی کەسانێکدا بەدوای هۆکارەکەیدا بگەڕێی کە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارێتی خۆیدا ژینگەی ئێرانیان لە هەموو بوارەکاندا وێران کردووە. «محەمەد دەرویش»، کارناسی بواری ئاو و ژینگە، لەم پێوەندییەدا لە ژمارەی ئەمڕۆ سێشەممە ١٩ی بەفرانباری ڕۆژنامەی «ستارەی سوبح» چاپی تاراندا دەنووسێت: «کاتێک لە سەر ڕێڕەوییەو ئاوانەی کە دەڕژێنە دەریاچەی ورمێوە، ١٠٥ بەنداو دروستکران و لەو ژمارەیە ١٠١ بەنداویان چالاکن و ڕێگە نادەن ئاوی ئەو بەنداوانە بڕژێتە ناو دەریاچەی ورمێ، بووەتە هۆی وشکبوونی ئەم ڕووبەرە بەرفراوانە». بەڕێوەبەری ناکارامە، هەوڵدەدات بە شێوەیەکی چەواشەکارانە، تاوانەکە بخاتە ئەستۆی سروشت یان کەسانی دیکە. ناوبراو هەروەها دەڵێت: ئێمە کاتێک دەتوانین بڵێین وڵاتان ڕێگریان کردووە لە هاتنی هەوری باران بۆ ئێران و بوونەتە هۆی وشکەساڵی لە وڵاتەکەمان، کە ئەو وشکەساڵییە لە ئێران لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بووبێت، لە کاتێکدا هاوشێوەی ئەم وشکەساڵییەی ئێستا، چەندین جار ڕوویدا. هەروەها وڵاتانی دراوسێش لە ڕووی بارانبارینەوە بە پرۆسەی سروشتی خۆیاندا تێدەپەڕن». لەم پێوەندییەدا، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لەلایەن چەند توێژەرێکی کانەدایی و ئەمریکاییەوە دەریدەخات کە وشکەساڵیەکە تەنها بەرێژەی پێنج لەسەد کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ئەو ئاوانە داناوە کە دەڕژێنە دەریاچەکەوە و هۆکاری مرۆیی، لەوانەش پرۆژەی ڕێگای خێرا، کە ١٥ کیلۆمەتری لەسەر دەریاچەکە دروستەکرێت و تەنیا ڕێڕەوێکی بەرتەسکی هەزار و ٢٠٠ مەترییان بۆ هێشتۆتەوە، دۆخی دەریاچەکەی تووشی قەیران کردووە، کە شاخی نزیک دەریاچەکەیان بۆ دروستکردنی بەکارهێناوە. ئەم کارناسانەش دروستکردنی زیاتر لە سەد بەنداو لەسەر ڕێڕەوی ئەو ڕووبارانەی کە دەڕژێنە ناو دەریاچەکە، بە هۆکاری سەرەکی پرۆسەی وشکبوونی دەریاچەی ورمێ دەزانن. دەریاچەی ورمێ یەکێکە لە دەریاچە گرنگەکانی ئێران کە بە گوێرەی چەندین ڕاپۆرتی کارناسان و تەنانەتدانپێدانانی بەرپرسانی حکوومەتی خۆجێیش، نزیکەی ٩٥٪ی ئاوەکەی کەم بووەتەوە و بۆتە هۆی دروستبوونی پانتاییەکی بەرینی شۆرەکات لەسەر بەستێنی دەریاچەکە کە دەتوانێت لە ڕێگەی با و باهۆزە ناوچەییەکانەوە کاریگەری خراپ لەسەر ژینگەی گەلێک شار و ئاوایی لە پارێزگاکانی ئازەربایجان و کوردستان هەبێت.



ڕادەی وشکبوونی دەریاچەی ورمێ، هەر ئێستاش بەهۆی باهۆزە و زریانی ناوچەکەوە بووەتە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر ئەو خەڵکەی کە لە نزیک دەریاچەی ورمێ نیشتەجێن. نەک هەر دانیشتووانی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەڵکوو پارێزگاکانی دراوسێش لەگەڵ مەترسی تۆفانی خوێ بەرەوڕوو دەبنەوە. جێگری تەکنیکی ئیدارەی گشتیی پاراستنی ژینگەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەڵێ: ڕێژەی خوێ لە دەریاچەی ورمێدا لە نێوان ٦ بۆ ٧ میلیارد تۆنە و ساڵانە تا ٧٠٠ هەزار تۆن خوێ لە بەستێنی ئەم دەریاچەیە هەڵدەگیرێت. چارەسەری زانستیانە و شارەزایانەی قەیرانی دەریاچەی ورمێ، لە توانایی حکوومەتی ئیسلامیدا نییە، لەکاتێکدا کە شارەزایانی سەرەکی ژینگەیی، زیندانی، ئێعدام و یان ناچار بەکۆچکردن بۆ ئەورووپا و ئەمریکا کردووە. ئەگەر ئیمکانێک بۆ ڕزگارکردنی دەریاچەی ورمێ بوونی هەبێت، ئەوە بەندە بە هەوڵ و هەماهەنگیی خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان، بە یەکڕیزی و دادپەروەری لەسەر بنەمای یەکسانی و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو، بە کورتکردنەوەی دەستی مافیای دەسەڵاتی سپای پاسداران و ئاخوندەکان و هەروەها ئاواڵا کردنی دەستی کارناسان و پسپۆڕانی بواری ئاو و ژینگە. حکوومەتێکی کە دوژمنایەتی لە ئاشتی نەهاتووی لەگەڵ زانست و زانیندا هەیە و لە سەدەی بیست و یەکەمدا هانی خەڵک دەدات بۆ دوعا و نوێژە بارانە، مانەوەی هەرچی زیاتری لە دەسەڵاتدا، نەک هەر دەبێتە هۆی وشکبوون و لەناوچوونی بەتەواوەتی دەریاچەی ورمێ، بەڵکوو گەلێک کارەساتی ژینگەیی لە قەرەبوو نەهاتووی دیکەش بەسەر خەڵکی ئێران و ناوچەکەدا دەسەپێنێت. ئەم دەسەڵاتە کە گیان و ژیانی ئەمڕۆ و سبەینێی ئەم کۆمەڵگایەی بەلاوە گرنگ نییە، ناتوانێت هیچ پلانێکی ڕوون و درێژخایەنی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ پرسگەلێکی وەک وشکەساڵی و لێکەوتەکانی هەبێت. شوێنپێی فاکتەری مرۆیی لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بە هەموو کارەساتەسروشتییەکانی وەک وشکەساڵی، لافاو، بوومەلەرزە، نەخۆشییە گواستراوەکان و لەوانە وشکبوونی دەریاچەی ورمێشەوە دیارە. هەربۆیە مەرجی ڕزگاربوون لە کاریگەرییە کارەساتبارەکانی ئەو موسیبەتانەش، بریتییە لە ڕزگاربوونە لە دەست نیزامی کۆماری ئیسلامی.

****

# ”کارڵ سێندبێرگ شاعیرێکی خاکی و خەڵکی“



شاعیر کارل ساندبێرگ لە خێزانێکی کەمداهات لە شاری گەیلسبێرگ لە ویلایەتی ئیلینۆیس لەدایک بووە. هەروەها لە گەنجیدا لە هێزی پیادەی شەشەمی ئیلینۆیس لە پورتوگال و لە کاتی جەنگی ئیسپانیا و ئەمریکادا بەشداری کردوە. پێش ئەوەی بچێتە شاری میلواکیی ویلایەتی ویسکۆنسێن لە کۆلێژی لۆمبارد خوێندوویەتی و لەوێ وەک ڕێکخەرێک بۆ پارتی سۆسیال دێموکرات کاری کردووە. لە ١٩١٣ ڕووی لە شیکاگۆی ویلایەتی ئیلینۆیس کردووە و بۆ ڕۆژنامەی شیکاگۆ دەیلی نیوز نووسیویە.
یەکەم شێعری خۆی لە گۆڤاری شێعر بڵاوکردوتەوە و کۆمەڵە شێعرەکانی ڕێزیان لێگیراوە و خەڵاتی زۆریان بردووەتەوە.
پولیتزەری بۆ تویکڵی گەنمەشامی لە ساڵی (١٩١٨) دا بردوەتەوە.
کتێبە شێعرییەکانی بریتین لە خەڵک، بەڵێ (١٩٣٦)، بەیانی باش ئەمریکا (١٩٢٨)، تەختەکانی ڕۆژئاوای سووتاوی خۆر (١٩٢٢) و دوکەڵ و پۆڵا (١٩٢٠).
یەکێک لە هاوڕێکانی شاعیر دەڵێت: هەوڵدان بۆ نووسینی کورتە باسێک لە کارل ساندبێرگ وەک ئەوە وایە هەوڵی وێناکردنی گراند کانیۆن بدەیت لە وێنەیەکی ڕەش و سپیدا. هاری گۆڵدن لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەسەر ساندبێرگ ئەوی بە «تاکە نووسەری ئەمریکی ناوبردووە کە لە پێنج بواردا خۆی جیاکردۆتەوە- شێعر، مێژوو، ژیاننامە، خەیاڵ و مۆسیقا. هەندێک لە ڕەخنەگران ئاماژەیان بەوە کردووە کە خەیاڵی شێعر لە بەرهەمەکانیدا زیاتر لە سەر ڕێکخستنی دێرەکانە. وەک شاعیرێک لە ژێر کاریگەری نووسەرانی وەک واڵت ویتمان و فەنسیرێک بوو، ١٩١٨ «سەرسامەکان بە کارڵ ساندبێرگ ئەویان بە واڵت ویتمانی ڕۆژانی دوایی دەناساند.
شایانی باسە کە سەرسامەکانی شێعرەکانی بریتین لە شێروود ئەندەرسۆن («لە هەموو شاعیرانی ئەمریکیدا شاعیری منە») و ئیمی لۆوێڵ کە شێعرەکانی شیکاگۆ (١٩١٦) ی بە «یەکێک لە کتێبە ڕەسەنەکانی ئەم سەردەمە زانیوە. هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە کوالێتی ناوازەی ستایلەکەی بکات. هاوڕێیەکی دێرین بیری هێنایەوە کە ئەوە ساندبێرگ بوو کە «ئەمریکای خستە سەر کاغەز» و ئیدیۆمی ئەمریکی نووسی و لەگەڵ ئەو جەماوەرە قسەی کرد کە هیچ ترسێکی لێ نەبوو. وەک ریچارد کراودەر لە کتێبی کارل ساندبێرگدا ئاماژەی پێدەکات، شاعیر "یەکەم شاعیری سەردەمی مۆدێرن بووە کە لە ڕاستیدا زمانی خەڵکی کردوە بە ئامرازی دەربرینی خۆی. سەرنجی ساندبێرگ خۆی ئەوە بوو: "من خەڵکم- جەماعەتەکە- کۆمەڵم- جەماوەرم. ئایا دەزانی هەموو شتێک لە دونیادا لە ڕێگەی منەوە ئەنجام دەدرێت؟
هەمیشە لەلایەن جەماوەر و زانایانەوە دەخوێندرایەوە. جارێک تێبینی کردبوو: «پێدەچێت لە جێگادا بمرم لە هەوڵی نووسینی شێعرێکدا بم لە سەر ئامریکا.
ژیاننامەی کارل ساندبێرگ لەبارەی ئەبراهام لینکۆڵن، ساڵانی جەنگ (١٩٣٩) بە یەکێک لە گەورەترین بەرهەمەکانی ئەدەبی سەدە دادەنرێت. ساندبێرگ ٣٠ ساڵ لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەم کتێبە سەبارەت بە لینکۆڵن و ١٥ ساڵ لە نووسینی کتێبەکەدا تەمەنی بەسەر بردووە.
ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە ناوبراو لە ئەفسانە جیا بکاتەوە و بە وردەکاریەوە لینکۆڵن بە مرۆڤایەتی بناسێنێت.
هەروەها ساندبێرگ شاعیر و مۆسیقاژەنێکی دیار بوو، دەنگێکی هەبوو کە لێکدانەوەیەکی لەبیرنەکراوی بە بەرهەمەکانی بەخشی.
سەرەڕای ناوبانگەکەی، ساندبێرگ شاعیرێکی خەڵکی و خاکی بوو و جگە لە نووسین و گۆرانی وتن و کتێب هیچی دیکەی نەدەویست.
ئەم دەقە وەرگێران و پوختەی بابەتێکە لە ماڵپەری ئینگلیزی زمانی بونیادی شێعر وەرگێراوە.
لە درێژەدا دوو شێعری کارڵ ساندبرگ بخوێننەوە کە دەرخەری ئەو تایبەتمەندیانەی سەبارەت بە بەرهەماکانی کە لەم نووسراوەیەدا هێنرایە بەرباس.

« کاتێک جەلاد دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ »

ئەو کاتەی لە ئیش دەگەڕێتەوە
؟
کاتێک لە نێوان ژن و
منالەکەیدا دائەنیشێ
کوپێک قاوە بخواتەوە
یان تاوەیەک هێلکەو ڕۆن،
ئاخۆ لێی بپرسن ڕۆژەکەت چۆن بوو؟
ئیشەکانت بە باشی بەڕێوە چوون؟
ڕەنگە بۆ هەڵهاتن لە وڵامی ئەم پرسیارە
باسی بەیسباڵ و
کەش و هەوا و
سیاسەت و گۆڤارە لاوەکیەکان
فلیمە سینەماییەکان بکات.
ئاخۆ چاو لە دەستەکانی دەکات
ئەو کاتەی قاوە دەخواتەوە؟
یان خواردن دێننە بەر دەسی؟
گەر منالە گچکەکەی بڵێت :
«بەو ئەسپەم غارغارێن بکەین
بیگرە ئەوەتا پەتی ئەسپەکەم»
ئەویش بە گەمەوە پێی دەڵێت:
«پەتی زۆرم دیتوە بەسە؟»
یان شەوق شەپۆلان دەدات لە
چاوانیا و
دەڵێت:«لە دنیایەکی بێوێنەدا دەژین.»»
گەر مانگ تیشک بخاتە سەر
ژووری کچە گچکەکەی
کە لە خەوی شیرندایە و
پرچ و گوێچکەکانی وەکو
تەرمێک سپی بکاتەوە
ئەو کاتە جەلاد چی دەکات؟
دەبێ بە لایەوە ئاسایی بێ
من پێم وایە
هەموو شتێک بە لایەوە ئاساییە جەلاد.

«من گەلم، جەماعەتەکەم»

لە نووسینی کارل ساندبێرگ
من گەلم - جەماعەتەکەم -
کۆمەڵەکەم - جەماوەرم.
ئاخۆ دەزانی هەموو شتە
گەورەکانی جیهان لە ڕێگەی
منەوە بەرهەم دێت؟
دەزانی منی کرێکار داهێنەریم،
دەزانی دروستکەری خواردن و
جلوبەرگی دونیام؟
دەزانی منم کە شایەتحاڵی
مێژووم؟
ناپیلئۆن و لینکۆڵنەکان دێن و
دەڕۆن
وە من ناپلیۆن و لینکۆڵنی تر
دەنێرم
من کێڵگەی تۆوم، زریانی
ترسناک بەسەرمدا تێدەپەڕن
لەبیرم چوو، بەشی گەورەی
بوونم دەمژرێت و بەفیرۆ
دەدرێت.
لەبیرم چوو، جگە لە مردن
هەموو شتێکم بەسەر دێت و
وا دەکات کاربکەم و واز لەو
شتانە بهێنم کە هەم
لەبیرم چوو،
هەندێک جار بەکڵپەم و خۆم
سوور دەپژێنم
دڵۆپەکان سوور سوور دەپژرێن
بۆ بیرهێنانەوەی بەروارەکەی ئەو
کاتە
کاتێک فێر دەبم، کاتێک
وانەکانی دوێنێ بەکاردەهێنم
مخابن لە بیرم دەچێت
بەڵام چیتر نابێ لەبیرم بچێت
کێ ساڵی پاری لێ تاڵان
کردم، کێ ڕۆڵی منی وەکوو
ساویلکەیەک بینی- ئەوکات
لە هەموو دونیادا قسەکەرێت
نامێنێت کە ناوی گەل، یا خۆ
«خەڵک»، بە تانە و توانج و
زەردە خەنەوە لە دەنگیدا بەکار
بێنێ
بیکەن بە گوارەی گوێتان
کۆمەڵ، گەل، جەماوەر، تا سەر
بێدەنگ نامێنێ
ڕۆژێک نەک بەگاڵتەوە،
بەڕاستی ڕادەپەڕێ و زەبری
خۆی دەگەیەنێ
بیرتان نەچێت گەل باز ناداتە
سەر سەکۆ و لاف و گەزاف
ناکا و خیتابە نادا.
ئەو بە کردە، مۆرکی خۆی
دەنوێنێ و، لە شوێنی خۆیەوە
گەردەلوول دەهەژێنێ.

****

# منداڵان قوربانیانی نادیاری بەرژەوەندییەکانی ڕژیمی ئیسلامی

بە وتەی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگای کرمان، ژمارەی منداڵانی قوربانی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی بەفرانبار لە شاری کرمان، گەیشتووەتە ٢٢ کەس. بەشی پێوەندییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگای کرمان ڕایگەیاند کە ١١ کەس لەو قوربانیانە کچن و ١١ کەسیشیان کوڕن. ئیدارەی پەروەردەی پارێزگای کرمان سێ ڕۆژ پێش لە ڕێوڕەسمی یادی قاسم سولەیمانی، سەرجەم قوتابخانەکانی داختسبوو بۆ ئەوەی قوتابیان لە کاروانەکانی خوێندکاراندا لەژێر ناوی «زیارەتکاری بەهەشت» لە کرمان بەشداری بکەن. ئەم مەسەلەیە بەپێی نامەی جێبەجێکاری ئەسغەر باقرزادە، جێگری پەروەردەیی و فەرهەنگیی پەروەردە و بارهێنان، بەڕێوەچووبوو. ناوبراو لە نوسراوەکەدا داوای کردبوو کە بەمەبەستی بەشداریکردنی هەرچی زیاتری خوێندکاران وەک سەرەکیترین و کاریگەرترین توێژ و هەروەها بەشداری هەمەلایەنەی بەڕێوەبەران و مامۆستایان و دایک و باوکی خوێندکارەکان لە مەراسیمی فەرماندەی پێشووتری قودس، ئیمکاناتی پێویست دابین بکرێت. بەرپرسی یەکێتیی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی پارێزگای کرمانیش بەڵێنی دابوو بەو خوێندکارانەی کە سەردانی «گوڵزاری شوهەدای کرمان» دەکەن، کە دواتر دەشیانبەن بۆ شاری یاریی «تاما». سەرەڕای تەواوی ئەم بەڵگانە، ئاژانس و هەواڵنێرییە گوێڕایەڵەکان، ئیدیعای ئەوە دەکەن کە خوێندکارە قوربانییەکان لە نێو بەشداربووانی کاروانەکەدا نەبوون و لەگەڵ بنەماڵەکانیان بەشداریی مەراسیمەکەیان کردبوو. شۆڕای هەماهەنگی ڕێکخراوە سنفییەکانی فەرهەنگیان، لە بەشێک لەو بابەتەدا کە لە کەناڵە تێلێگرامییەکەی خۆیدا بڵاوی کردۆتەوە، نووسیویەتی: ئامادەبوونی زۆربەی هەرەزۆری خوێندکارانی قوربانی، بەپێی پلانی قوتابخانەکان و بەشی پەروەردە و بەبێ حزووری دایک و باوکەکانیان بەڕێوە چووە. ئاژانسە هەواڵییەکانی ڕژیم تا ئێستا ناوی ٢٢ منداڵیان بڵاوکردووەتەوە کە لەو ڕووداوەدا گیانیان لەدەستداوە بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بە تەمەنیان بکەن. شایەتحاڵە ڕەخنەگرەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەموکوڕییە بە ئانقەستە، نووسیویانە کە تەمەنی زۆرێک لە خوێندکارە قوربانییەکان زۆر کەمتر لەوە بووە کە بەشداری لە مەراسیمێکی سیاسی، تەبلیغاتی و حکوومەتیدا بکەن، ڕێوڕەسمێکی کە پێشوەختە دەکرا ئەگەری مەترسییەکانی ناو ئەو پرۆسەیە پێشبینی بکرێت.

هەر لەو پێوەندییەدا، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک کە ئامادە نەبوو قوتابییەکانی ژێر سەرپەرشتی خۆی بنێرێت بۆ مەراسیمی سولەیمانی، لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: پەیڕەویکردن لە ڕێنماییە نوێیەکەی ئیدارەی پەروەردەی کرمان، بەواتای ناردنی منداڵەکان بوو بۆ ناو گەرووی ئەژدیهای مەرگ. ئەو هەروەها دەڵێت لە نزیکەی هەفتەیەک لەمەوبەرەوە لە هەموو ڕاگەیاندنەکانیانەوە تەبلیغی ئەوەیان دەکرد کە دەبێت ئەم بۆنەیە بە شێوەیەکی شکۆدار بەڕێوەبچێت. لە درێژەی ئەو پڕوپاگەندەیەدا، بەشێک لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بۆ خۆ شیرین کردن، دەستیانکردبوو بە هەندێک کاری تەبلیغی گاڵتەجاڕانە. مامۆستایەکی ڕەخنەگر لەم بارەیەوە نووسیویەتی: «هەفتەی ڕابردوو خوێندکارانی قوتابخانەیان ناچار کرد لە نمایشێکی گاڵتەجاڕانەدا، ڕێز لە وێنەی قاسم سولەیمانی بگرن. کاتێک چوومە ناو قوتابخانەکە مێزێکم لە هۆڵی پێشوازیدا بینی کە وێنەی ناوبراوی لەسەر دانرابوو و قوتابییەکان ڕیزیان گرتبوو بۆ ئەوەی چەپکە گوڵ دابنێن، جێگری قوتابخانەکەش بە مۆبایلەکەی خەریکی وێنەگرتن بوو. کاتێک پرسیارم کرد، وتیان لەسەرەوە دەستوورمان بۆ هاتووە کە ئەم مەراسیمە ئەنجامبدەین و فیلم و وێنەی لێ هەڵبگرین و بە دۆکیۆمێنتی بکەین و بۆیان بنێرین.

ئەو تەبلیغات و ڕێوشوێنانەی کە بۆ قوربانیانی ڕێوڕەسمی قاسم سولەیمانی فەراهەم کرابوو، درێژەی هەوڵ و چالاکییە دژە ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامییە بە درێژایی ٤٥ ساڵی ڕابردوو لە دژی منداڵانی قوتابی. تاوانەکانی ئەم ڕژیمە بەرامبەر بە منداڵانی خوێندکار، لیستێکی دوور و درێژ لەخۆدەگرێت. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە حکوومەتی ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە، دەستیکرد بە لەسێدارەدانی ئەو خوێندکارە کەم تەمەنانەی کە لە ژێر کاریگەری کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی ئەو ڕۆژانەدا، بەشدارییان لە خۆپیشاندانە دژە حکوومەتییەکاندا کردبوو یان هەندێک نووسراوەیان بڵاو کردبووە. دوای ئەوە نۆرەی بەشداریکردنی منداڵان هات بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ بەسیجی خوێندکاریی، ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق کە تیایدا لانیکەم ٣٥ هەزار منداڵ بوونە قوربانی و بنەماڵەکانیان ماتەمبار بوون. لەهەمانکاتدا تەبلیغی خوڕافات، سەپاندنی حیجابی ئیجباری بەسەر کچان و سزادانی قوتابیان لە قوتابخانە و بنەماڵە مەزهەبییە کۆنەپەرستەکاندا، ئازار و موسیبەتەکانی منداڵانی زیاتر کرد. بێبەشبوون لە خوێندن، پەرەسەندنی هەژاریی منداڵان و ڕەوانەکردنی بە ملیۆنان کەسیان بۆ سەر شەقام و ناو بازاڕی بێبەزیی کار، هاوسەرگیریی لە تەمەنی منداڵیدا، پەروەردەکردن و ڕاکێشانی منداڵان بۆ ناو دام و دەزگا سیخوڕی و سەربازییەکان و بڵاوکردنەوە و گیرۆدەبوونی هەرچی زیاتر بە ماددە هۆشبەرەکان لە ناویاندا، لە زومرەی تاوانەکانی دیکەی ڕژیمن لە دژی منداڵان. لە چوارچێوەی ئەم هەموو تاوانانەدا، منداڵانی قوتابی لە مەراسیمە جۆراوجۆرە دەوڵەتییەکاندا بوونەتە قوربانی. خوێندکاران هیچ کات تەسلیمی ئەو چارەنووسە نەبوون کە ڕژیم بۆی دیاری کردوون و بەردەوام ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. لوتکەی ئەم ناڕەزایەتیانە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خۆی نیشاندا. خۆپیشاندان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ناڕەزایەتی منداڵانی قوتابی، بە بەشداری و ڕۆڵی سەرەکی کچان، بووە ئیلهامی پەرەسەندنی خەبات و ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات. خوێندکاران لەسەر بەستێنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، وشیارتر و ڕێکخراوتر و بوێرتر بوون و دەستبەسەرکرانی هەزاران کەسیان و گیانلەدەستدانی زیاتر لە ٧٠ منداڵ و ژەهراوی کردنی کلاسەکانیان، نەیتوانی زەرەیەک لە ورە و ئازایەتی ئەوان کەم بکاتەوە. لەم ڕۆژانەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارەساتی ڕێوڕەسمی قاسم سولەیمانی، ئەوان و دایک و باوکەکانیان، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین، ئەو قسەیەی باوکی خوێندکارێکی کرمانی دووپات دەکەنەوە کە ڕۆژی ١٣ی بەفرانبار و کاتی تەقینەوە تیرۆریستییەکان وتی: «ئەم تاقمە نالایق و هیچ و پووچە»، شایستەی ئەوە نین کە حوکڕانیمان بەسەردا بکەن.

****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 441- Jan 2024

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# گەندەڵی ڕیشەیی، لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا

ڕۆژی چوارشەممە، ١٣ی بەفرانبار، ئاژانسەکانی هەواڵ لە لاپەڕە سەرەکییەکانی خۆیاندا ڕاپۆرتی گەندەڵییەکی دیکەی کۆماری ئیسلامییان بڵاو کردەوە. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانە ڕەمەزان ئەمینی ڕاوێژکاری سەرۆکی شارەوانی شیراز، بە هاوکاری بنەماڵەکەی، شیرکەتێکی مەجازییان بە ناوی «بە ئایین مێهر پارس» دامەزراندووە و لەو ڕێگایەوە بە بیانووی هەناردەکردنی میوەی وشک بۆ عومان و قەتەر و ئەوروپا، داوایان لە خەڵک کردووە لەو شیرکەتەدا سەرمایەگوزاری بکەن. ناوبراو و ئەندامانی بنەماڵەکەی، بە بڕی ١٥٠ ملیارد تمەن فێڵیان لە خەڵکی شیراز و دەوروبەر کردووە. ئەو ساختەکارییە لە کاتێکدا ئاشکرا دەبێت کە تەنیا سێ هەفتە بەسەر ئاشکرابوونی گەندەڵی سێ ملیارد و حەوت سەد ملیۆن دۆلاری «چای دێبش»دا کە دەکاتە ١٤٠ هەزار ملیارد تمەن، تێدەپەڕێت. هەندێک لە شارەزایان ئەم دزییەیان بە گەورەترین گەندەڵی لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ناو بردووە کە یەکێک لە فەرماندەکانی سپا ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە و ڕاگەیاندنەکانی سەر بەو هێزە داوایان کردووە کە لەو بابەتەوە بێدەنگ بن و هیچ نەوترێت. بەڵام ئەوان لەبیریان چۆتەوە کە گەورەترین گەندەڵی لە سەردەمی ئەحمەدی نژاددا ڕوویدا. لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ناوبراودا ١٧٧ ملیارد دۆلار بە تاڵان برا. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامی بە بوونی ئیمپراتۆریەتێکی ئابووریی زەبەلاحی ژێر دەسەڵاتی سپای پاسداران، کە نزیکەی، ٧٠٪ی تەواوی ئابووری ئێرانی لە دەستدایە، سەرچاوەی سەرەکی گەندەڵییە. بەڵام پرسی گەندەڵی لەم حکومەتە شپرزەیەدا، هاوکات ئامرازێکی سیاسیشە.

لە ڕاستیدا لە کۆماری ئیسلامیدا، گەندەڵی، جۆرێکە لە «گەندەڵی ستراتێژی» کە لوتکەی دەسەڵات بە ئانقەست وەک ئامرازێک بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆی بەکاری دەهێنێت. کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕۆحی ئاڕمانگەرایی و مەسەلەی بیروباوەڕی ئایینی لە نەوەی نوێی ناو هێزەکانی ڕژیمدا و لاوازبوونی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، هیچ ڕێگایەکی بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵات لەناو هێزەکانیدا نەهێشتۆتەوە جگە لەوەی کە زەمینەی گەندەڵی دارایی و دەوڵەمەندکردن لەنێواندا و بە تایبەت لەناو کەسانی سەرەوەی دەسەڵات، لە ئاستێکی بەربڵاودا، فەراهەم بکات. خاوەنکارەکانیش بەتایبەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق و سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانی، باسیان لەوە دەکرد کە گەندەڵی شتێکی خراپ نییە و ڕەوڕەوەی گەشەپێدان خێراتر دەکات. ئەوان بەم ئارگیومێنتە، کە بۆ کابینەکەی ڕەفسەنجانی جێگەی پەسەند بوو، هەموو ئامرازێکیان بەکارهێنا بەمەبەستی دەرکردنی کرێکارانی ناڕازی و هەرزانکردنی هێزی کار. چەندین سەدەیە کە لە سیستەمی کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداریدا، میتۆدی گەندەڵکردنی بەرپرسانی سیاسی و ئابووریی، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە دەوڵەتی داگیرکەری ئینگلیس لە نێو پادشاکانی قاجاردا، دوو پادشای پەهلەوی و کاربەدەستەکانیان، بەڕادەیەکی زۆر لە گەندەڵکردنی بەرپرسانی دەوڵەتیی، کەڵکی وەرگرتووە. ئەم دەوڵەتە لەناو ئاخووندە ورد و دەشتەکاندا لە ڕێگای پێدانی پارە و پووڵێکی زۆر و پاڵپشتی سیاسییەوە، بەردەوام جێگە و پێگەیەکی بەهێزی بۆخۆی دروست کردبوو. ئەوان لەم گەندەڵییە بەمەبەستی کۆنترۆڵی هەرچی زیاتر بەسەر وڵات و هێزی کار و سەرچاوە داهاتەکانیدا کەڵکیان وەرگرت و هەر کەسێکی ناڕازییان لە پۆستەکەی دووردەخستەوە. مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە کاتێک باڵیۆزی بریتانیا نەیتوانی «قائیم مەقام فەراهانی» ناسراو بە ئەمیر کەبیر ڕاوێژکاری محەممەد ڕەزاشای قاجار بکڕێت، پووڵێکی زۆری دا بە ئیمام جومعەی تاران و ئەویش لە وتاری نوێژی هەینیدا قائیم مەقامی بە بێ دین تۆمەتبارکرد و بیانووی بە شا دا، تا فەرمانی خنکاندنی دەربکات.

شتێکی سروشتییە و ئینسان لەوە تێدەگات کە ئالوودەبوون بە گەندەڵی ئابووریی، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکان لە ترسی ناوزڕان و ڕسوا بوون، بە تەواوی دەبنە گوێ لەمستی حکوومەتەکان و خواستەکانی ئەوان جێبەجێ دەکەن. ئەم تایبەتمەندییە هۆکارێکی دیکەیە بۆ زیادبوون و پەرەسەندنی گەندەڵی لەناو دام و دەزگای دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خۆی زیاتر بکات و کاربەدەستە ورد و درشتەکان لە هەموو ئاستەکاندا چاولەبەری خۆی بکات و هەرکاتێک هێڵە سوورەکانیان بەزاند، بە ئاسانی پێشیان پێ بگرێت. زۆربەی هەرەزۆری هێزەکانی بەسیج لە ساڵانی ڕابردوودا، تەنیا بەمەبستی بەهرەمەندبوون لە ئیمتیاز و دەرفەتە ئابوورییەکان بەم ڕێکخراوەوە پەیوەست بوون. واقیعییەت ئەوەیە کە نیزامی سەرمایەداری بەبێ بوونی ڕادەیەک لە گەندەڵی، ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بەڵام گەندەڵی لە ڕادەبەدەریش دەتوانێت تووشی ئاستەنگ و ئاڵەنگاری بکات. لەمڕووەوە خەبات لەپێناو کۆنترۆڵکردنی گەندەڵیی بەربڵاو، دێتە دەستووری کاری حکوومەتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان و دامەزراوەکانی، لەوانە ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی. گەندەڵی لە هەندێک وڵات زۆر و لە هەندێکی تریش کەمترە. زۆرترین زیان و گوشارەکانی گەندەڵی، ڕوو لە کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، منداڵان و چین و توێژی بێبەش لە دەسەڵات و سەروەت و سامان دەکات. حکوومەتی ئیسلامی سەرمایە، سەرچاوەی سەرەکی گەندەڵیی بەربڵاو لە ئێرانە. هەربۆیە زاڵبوون بەسەر ئەم بەڵایەدا، تەنیا لە ڕێگەی ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە و دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە، مومکین دەبێت.

****

دواستون

# "خامنەای خوایشی خستە زەحمەت"

**ن. سەلام قادری:**

باوە کە دەڵێن کۆتایی دیکتاتۆرەکان ئەو کاتەیە کە یا تەنازولی گەورە دەکەن، یان تووشی لە خۆبایی بوونێکی بێ وێنە دەبن و بە شێوازێکی وڕێنە ئاسا دەکەونە سەیروسەمەرە بێژی. بۆ وێنە ئەو کاتەی ڕەزا شای پەهلەوی بە سیمایەکی ماندوو و لاوازەوە هاتە بەردەمی کامێراو وتی: « من دەنگی ئینقلابی ئێوە خەڵکی ئێرانم بیستووە» ئەم تەنازولە سەیر و سەمەرە و درەنگ وەختەی ئەو وەکوو دوا بزمار بوو لە تابووتی دەسەڵاتەکەی کوترابێت. لەم ڕۆژانەدا جەنابی وەلی فەقی لە دەرکەوتنێکی هاوشێوەدا دەردەکەوێت و لەوێ لە حاڵی دەربڕینی ئیدعایەکی وڕێنە ئاسا و نامۆدا و بە پەشۆکاوییەوە باس لەوە دەکات کە بیست ساڵ لەوەپێش لە حاڵی قسە کردنێکی گەرم و گیرادا بۆ بیست کەس لە فەرماندەکانی سپا، خوا ڕاستەوخۆ و لە زمانی جەنابییەوە قسەی بۆ فەرماندەکانی سپا دەکات و زۆرێک کاریگەریگەلێکی بووە. هێندە بە پەشۆکاوییەوە ئەم وڕێنەیە دەکات کە وشەی زۆرێک لە پاڵ کاریگەریگەلێک دادەنێت کە وەکوو ئەوە وایە کە بڵێی زۆرێک، کەمە کاریگەرگەلێک بووە. لە باوڕی باوڕمەندانندا زمان و قسەی خۆ بە زمان و قسەی خوا کردن بەرابەرە لەگەڵ ئیلحاد و شەریک بۆ خوا دۆزینەوە و هەر کەسێکی تر ئەوەی بگوتایە بە پێی یاسا گەلی ئایینی کە کۆماری ئیسلامی پەیڕەوی دەکات حوکمی مەرگی بە سەردا دەسەپێندرا، ئەوەی کە ئایاتی عوزام بەرانبەر بەم ووتانە نوتق نادەن، دەرخەری ئەوەیە کە ئەو کاتەی کە ئاغا و وردە ئاغاگەلی نیزام ئیدعا دەکەن کۆماری ئیسلامی ئازادترین وڵاتی دنیایە زۆریش قسەیەکی بێبنەمایان نەکردووە، لە بەر ئەوەی تەنیا وڵاتی دنیایە کە بەرپرسان و کاسەلێسانی دەسەڵات ئازادن لەوەدا کە قسە و ئیدعای قەڵب و بێبنەما بکەن و نە ڕۆژنامەکان بتوانن هەڵایان بۆ سازکەن و نە ڕای گشتی بتوانێ مەجالی ئەوەی هەبێ ڕێگایان لێبگرێت. بە ڕاستی ئازادترین و خۆشترین وڵاتی دنیایە. ئازادە بۆ ئەوەی سنووری هەڵیت و پەڵیت وتن بۆ بەرپرسان دیاری نە کراوە و خۆش بۆ ئەوەی بەرپرسان هیچیان لە دەست نەیەت بە قسەو کردارەکانیان خەڵک دەخەنە پێکەنین، ڕۆژێک بازنگەی نوور لە دەوریسەریان دەگەڕێ و ڕۆژێکی تر خوا خۆی لە زمانی ئەواندا حەشار دەدەا و قسە بۆ فەرماندەکانی سوپا دەکات. لە فیلمێکی کۆمێدیدا کاتێک ئەکتەرەکە کەسێک بە زاوای خۆی دەبێنێ و یەخەی دەگرێت و دەڵێ: «زوو بۆمی ڕوون بکەرەوە بۆ چی خوشکی منت تەڵاقدا» جیرانەکان کەسە گیرۆدەکە ڕزگار دەکەن و داوای لێبووردنی لێدەکەن و دەڵێن ئەم وەیلانە هەر خوشکی نییە و لەوەتەی تلیاکی ناوەتە لاوە و شیشە دەکێشێ، کردار و قسەی سەیر و سەمەرەی زۆر بووە. بەم پێیە دوور نییە لە خوتبەیەکی تردا بێت و بڵێ من خوام و خوا منە و ئیتر پێی بڵێن ئاغای خوا-منە-یی..

****